### مەسرور بارزانی لە دیمانەیەکی (James Town Foundation)

# ئەو پشتگیرییەی لە هاوڵاتیانمانەوە پێماندەگات بەرهەمی ئەو سەقامگیرییەی کوردستانە

مەسرور بارزانی سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ دامەزراوەی (James Town Foundation)ی ئەمەریکی دا تیشك دەخاتە سەر چەند بابەتێکی گرنگ و هەستیاری هەرێمی کوردستان و عێراق . ئەم دیمانەیە کە لەلایەن رۆژنامەنووس (ڤلادیمیرڤان ڤیلینبێرگ) ئەنجام دراوە، لە پێشەکییەکدا باس لەو کراوە کە دەزگای پاراستن لە شەستەکانی سەدەی رابردوو دروست کراوە بۆ پاراستنی شۆڕشی کوردستان و لە ( ٢٠٠٤ ) دا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە رەسمی ناسێنراوە و بە ناوی (ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان)ەوە سەرپەرشتی کاری پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان دەکات، لە بوارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو هەڕەشانەی کە رووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە و رووبەرووبوونەوەی تیرۆر و کاری دیکەی ئاسایش . هەرچەندە لە پێشەکی دیمانەکەداو لە سەرەتای راپۆرتەکەدا دەستەی نووسەرانی (جەیمس تاون فاوندەیشن) چەند شتێکی دیکەیان نووسیوە کە پەیوەندی بە چاوپێکەوتنەکەوە نییە و تەنها رای خۆیانە.



*** بۆچی هەرێمی کوردستانی عێراق سەقامگیرە ؟ دەتوانرێ لێرە شەوانە خەڵك بچنە دەرەوە، بەڵام لە ناوچەکانی خوارووی سنوری هەرێمی کوردستان لە موسڵ و سێگۆشەی سوننی، دوخەکە بەو جۆرە نییە؟**

ـ ئەمە بەرهەمی کارێکی پێکەوەیی هەموو ئەو کەسانەیە کە لەم هەرێمەدا ئاسایش دابین دەکەن، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو کەلتوورە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی ئێمە هەیەتی لە هەرێمەکەمان. خەڵکی هەرێمی کوردستان پشتگیری توندڕەوی و ئەوپەڕگیری ناکەن. هەماهەنگی و هاوکارییەکی زۆر باشیش لە نێوان ئاژانسی ئێمە و هاوڵاتییان دا هەیە. ئەو پشتگیرییەی کە لە هاوڵاتیانمانەوە پێمان دەگات کلیلی ئەو بەرهەمەیە.

بە هەمان شێوە سیستەم و میکانیزمێکی باشمان گرتووەتە بەر تا هەموو ئەو پێکهاتە و دامەزراوانەی لەمبوارەدا کاردەکەن لە نزیکەوە هاوکار و هەماهەنگی یەکتر بن و ناوەندی هاوبەشیان هەیە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و گرتنە بەری ڕێ و شوێنی پێویست بە گوێرەی دۆخە جیاجیاکان بۆ وەڵامدانەوەو ڕووبەروبونەوەی ئەو (تحدیاتانەی) کە لە بەردەماندان.

*** هەرێمی کوردستان سنووری لەگەڵ موسڵ و کەرکوك هەیە، هەندێك دەڵێن عەرەبە سوننەکان نیگەرانن بەرامبەر بەکوردەکان، ئایا سیاسەتێکتان هەیە بۆ گرتنەخۆو هێور کردنەوەی عەرەبەکان ؟**

ـ ئەمە بڕیارێکی سیاسییە، سەرکردایەتی کوردستان بەردەوام ماندوونەناسانە لە هەوڵی ئەوەدا بووەو بەردەوام لە هەوڵ دەبێت تا نەهێڵێ ئەم ململانێیە هەرگیز ببێتە کێشەیەکی ئیتەنی نێوان کورد و عەرەب. لەدوای ١٩٩١ زیاتر لە(٧٠٠٠٠) هەزار سەربازی عێراقی هەبوون، کەخۆیان دابوو بەدەستەوەو لای هێزە کوردییەکان بوون، بەڵام کوردەکان هیچ تۆڵە کردەوەیەکیان ئەنجام نەدا سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە هێشتا برینی کیمیاباران و شاڵاوەکانی ئەنفال خوێنیان لێ دەچوورا و لە بیرەوەری کورددا تازە بوون.

نموونەی دووەم، وشکەساڵییەکی زۆر عێراق و ناوچەکەی گرتبووەو زورێك لە هۆزە عەرەبەکان داوای هاوکارییان لە کوردەکان کرد. سەرۆك مەسعود بارزانی داوای لە هەموو بەرپرسان کرد کە لەکاتی هاتنی عەرەبەکان، دەبێ ئامێزیان بۆ بکەنەوەو زەوییەکان و ناوچەکانی ئێمە لە بەردەمیاندا کراوە بن.

نمونەی سێیەم، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە (٢٠٠٣) کە کوردەکان تاکە هێزی ڕێکخراو بوون و هێزیان لە دەست بوو، دەیانتوانی لە رووی سیاسییەوە زۆر شتی زیاتر ئەنجام بدەن لەوەی کە لەو کاتەدا کردیان. کوردەکان، هەموو مەسەلە جێ ناکوکەکانیان بۆ پرۆسەی سیاسی و حکومەتی عێراق بە جێ هێشت تا چارەسەریان بکات، نەك ئەوەی کە خۆیان کونترۆڵی دوخەکە بکەن. کوردەکان ئەوەیان خستەروو کە دەیانەوێت ئاشتی و پێکەوەیی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراق دروست بکەن.

ئەوە ئامانج و مەبەستی سەرکردایەتی کوردستانە و ئاژانسی ئێمەش پارێزگاری لێ دەکات. ئێمە لەوێ نین تا لەسەر بنەمای ئەتنی ئازار بە کەس بگەیەنین. ئەرك و بەرپرسیارێتی ئێمە، جەنگانە دژی تیرۆریستان. ئەگەر کەسێك تیرۆریست بوو، وەکو تیرۆریستێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت نەك لەبەر باکگراوەندە ئایینی یان ئەتنییەکەی.

*** لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان لە ٢٠٠٩ لیستی حەدبای عەرەبە سونەکان زۆرینەی پارێزگای نەینەوایان بردەوە. ئایا ئەمە هەڕەشە نییە بۆ سەر ئاسایشی کوردی ؟**

ـ کاتێك لیستی حەدبا زۆرینەیان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بردەوە، خۆیان بڕیاریاندا هیچ نوێنەرێکی کورد کە لە ناوچەکانی خۆیان سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە، بەشداری پێ بکەن. ئەوە بڕیاری (حەدبا) بوو کە نابێ کوردەکان بەشێك بن لە ئیدارەی موسڵ. ئەوان بڕیاریاندا لەحکومەتی مەحەلی موسڵ کورد بایکۆت بکەن. کاردانەوەی کوردیش ئەوە بوو کە بەشدار نەبن، ئەگەر نەبنە بەشێك لە ئیدارە. ئەوە بڕیاری ئەوان بوو. کوردەکان کەمتر ناڕەزاییان پێشان داوە. سەرەرای ئەو هەموو نەهامەتی و تۆمەتبار کردن و ناڕەزاییەی کە بەرامبەر کوردەکان ئەنجامدراوە، کوردەکان بە دەنگێگی بەرز و کاردانەوەی توند ناڕەزاییان لە دۆخی خۆیان پێشان نەداوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە هێشتا کورد قوربانیدەری پاکتاوی نەژادین لە موسڵ و زۆرێك لە ناوچە جێ ناکۆکەکانی دیکە و کوردەکان باش نەپارێزراون لەو ناوچانەدا، بەڵام ئەم ڕاستییانە بە فراوانی نەگەیەنراوەتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

*** ئایا ئەمە یەك لەو هۆکارانەیە کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان چالاکی دەنوێنن، چونکە هێرشێکی گەورە لە نەینەوا دەکرێتە سەر کوردەکان، بەڵام حکومەتی عێراق ناخوازێ و نایەوێت ئێوە لە ناوچە جێ ناکۆکەکان چالاکی بنوێنن ؟**

ـ ئاماژەیەکی روونی وەها نییە کە کێ ناوچە جێ ناکۆکەمان بەڕێوە ببات، چونکە تا ئێستا چارەنووسی ئەم ناوچانە دیار نین، بۆیە پێویستە پرۆسەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) خێراتر بکرێ تا بەپێی ئەم ماددەیە بڕیار بدرێ کەکێ بەرپرسە لە بواری سیاسی و ئەمنی ئەم ناوچانە. تا ئەو کاتەی چارەنووسی ئەم ناوچانە بە نا ڕۆشنی بمێنێتەوە، گرفت و ئاستەنگ دێنە پێش ئەوەی کە کێ ئیدارەیان بکات. لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان کوردن، هێزە ئاسایشەکانی ئیدارەی کوردی مافی پارێزگاری کردنیان لە هاوڵاتیان هەیە لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە. لەو ناوچانەدا هەوڵمان داوەو ئامادەیی خۆمانمان ڕاگەیاندووە تا لە نزیکەوە هەماهەنگی و هاوکاری بکەین لەگەڵ دامەزراوە یاساییەکانی ئەو ناوچانە، لەوانە سوپای عێراق و پولیس و دەزگایەکانی دیکەی ئاسایش تاوەکو پێکەوە ئاسایشی ئەو ناوچانە بەرقەرار بکەین. بۆیە ئەمە کارێکی هاوبەشە بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی ناوچە جێ ناکوکەکان. بەم دواییانەش چەند هەوڵێك لە ئارادا بوون بۆ دامەزراندنی لیژنەی هاوبەش.

*** لە سەروتارێکی ڕۆژنامەی نیۆیورك تایمزدا باس لەو کراوە کە هێزە کوردییەکان تێکەڵ بە سوپای عێراق بکرێن، بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتووی کوردی کردووە. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لە هەوڵی ئەوەدایە کە هێزە کوردییەکان لەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەکانی عێراق یەك بخات، چۆن سەیری ئەمە دەکرێت ؟**

ـ زۆربەی ئەمانە لە تێنەگەیشتن و بە هەڵە خوێندنەوەی دەستوری عێراقییەوە سەرچاوەیان گرتووە، جەنابی سەرۆك هەرگیز نەیگوتووە کە ئەو سوپایەك دادەمەزرێنێ. جەنابیان فەرموویەتی کە دەیەوێت سەرجەم هێزە سەربازییەکانی ناو هەرێمی کوردستان یەك بخات، نەك هەر لایەنە و هێزی خۆی هەبێت. ئەوە بیرۆکەی جەنابیانە بۆ یەك خستنەوەی هێزە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەمە بەو مانایە نییە کە دەبێتە سوپا. عێراق یەك سوپای هەیە. کوردەکان یەکەم کەس بوون لە پێکهێنانی سوپای عێراق لەو کاتەدا کە هیچ کەسێك نەیدەویست ببێتە سەربازی عێراقی. بەشێك لە پێشمەرگە ئێستا لە ناو سوپای عێراقدان و ئەگەر پێویستی بەوە هەبوو ژمارەیەکی زیاتری هێز بخرێتە ناو سوپاوە ئەو کاتە ئەم بابەتە جێبەجێ دەکرێت.

ئێستا ئەگەر سەیری ئاسایشی کوردستان

**بودجەیەک هەیە کە بڕیارە بۆ (بەرگری) خەرج بکرێت و لە بودجەی گشتی تەرخان دەکرێت، و دیاری دەکرێت، بۆیە پێویستە ئەم بودجەیە هەرێمی کوردستانیش لە خۆ بگرێ**

بکەیت، بە گوێرەی دەستوری عێراق، کوردستان مافی ئەوەی هەیە کە بەرپرس بێت لە ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ئەوە ئەرکی هەرێمی کوردستان خۆیەتی کە ئاسایشی خۆی دابین بکات. کوردستان بەشێکە لە عێراق و بۆیە ئەگەر هێزی ئاسایشی ئێمە لە هەرێمی کوردستان یان بەشەکانی دیکەی عێراق چالاکی بکەن، ئەمە چالاکییەکی ئەمنییە بۆ عێراق بەگشتی.

کاتێك کوردستان ئارامە و هێزەکانی ئاسایش لە کوردستان چالاکی دەنوێنن، دەبێ ئەم هێزانە وەك بەشێك لە سیاسەتی دیفاعی گشتی لە عێراق دابنرێن، چونکە ناتوانرێ کوردستان وەك یەکەیەکی سەربەخۆ تەماشا بکرێت، بەڵکو بەشێکە لە عێراق لە ئەرك و مافدا. پاراستنی کوردستان لەم هەرێمە، پاراستنی بەشێکی عێراقە. تا ئەوکاتەی کە عێراق وڵاتێکی یەکگرتووە، بە روونی ئەمە ئەرك و بەرپرسیارێتیمانە بۆ پاراستنی وڵات بە باشترین شێوە کە بتوانین.

کاتێك سەیری سیاسەتی دیفاعی عێراق دەکەیت، بودجەیەك هەیە کە بڕیارە بۆ (بەرگری) خەرج بکرێت و لە بودجەی گشتی تەرخان دەکرێت و دیاری دەکرێت، بۆیە پێویستە ئەم بودجەیە هەرێمی کوردستانیش لە خۆ بگرێ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هەرێمی کوردستان لەو بودجەیە بێ بەش کراوە.

*** کۆشکی سپی رایگەیاند کەپشتگیری لەماددەی (١٤٠) و ماددەی (١٤٢) (لە هەموارکردنی دستور) دەکات.**

**هەندێك دەڵێن کە ئەمە ئاماژەیەکی روونی پشتگیری ئەمەریکایە بۆ هەڵوێستی کوردەکان لەسەر کەرکوك، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، کەسانێك هەن دەڵێن کە سەرۆك ئۆباما دەخوازێت حاڵەتێکی تایبەت بە کەرکوك بدرێت؟**

- من ناتوانم لەجیاتی ئەمەریکییەکان قسە بکەم، عێراق دەستورێکی هەیە، ئەم دەستورە بڕیار دەدات کە چ ئاراستەیەك بگیرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە دیارەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا، باشترین چارەسەر بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ئەوەیە کە لە دەستوری عێراقیدا خراوەتەروو لەماددەی (١٤٠) دا و زۆر روون و ئاشکرایە.

دەبێ تەنها دەستور وەك رێگای بەرەوپێش بردنی چارەسەری ئەو مەسەلانە بەکار بهێنرێ. هەرکام لە ماددەکانی دیکەش بە ماددەی (١٤٢)ەوە، هەرچییەك لە دەستور هەبێت ئێمە بەو دەستورە رازی بووین. زۆربەی عێراقییەکان و لە (٨٠٪)ی عێراقییەکان دەنگیان بە دەستور داوە، بۆیە ناکرێ گوڵبژێری بکەین و ماددەیەك هەڵبژێرین و ئەوانەی دیکە پەراوێز بخەین.

لە ناو دەستوری عێراقی دا میکانزمێك هەیە کە چۆن هەموارکردنەکان ئەنجامبدرێت، تا ئەوکاتەی کە پابەند بوون بە پاراستنی جێبەجێ کردنی دەستوور هەیە، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە، کێشەکان لەوەوە سەرهەڵدەدەن کە ئەلتەرناتیڤ بۆ چارەسەرە دەستورییەکان ناو بە ناو دەهێنرێتە پێشێ، ئەمجۆرە هەوڵانە بابەتەکان زیاتر ئاڵۆز دەکات و هەرجۆرە هەوڵێکی لەو جۆرە دژی پرەنسیپەکانی دیموکراسییە. ئەمجۆرە هەوڵانە راکردنە لە پرەنسیپەکانی دەستوور. تا ئەو کاتەی دەستور میانگیر بێت، باوەڕ ناکەم هیچ کەس کێشەی لەگەڵ هەبێت.

*** کەواتە، بە گشتی جەنابت دەڵێیت کە دەبێ هەموو لایەك پشتگیری لەدەستوری عێراقی بکات، بەڵام نیویورك تایمز دەڵێت کە دەبێ ئەمەریکا پشتگیری ماددەی (١٤٠) نەکات، چونکە کوردەکان، کەرکوك وەك (بەردەپاز) بەکار دەهێنن بۆ سەربەخۆیی؟**

- پرسیاری من بۆ ئەوان ئەمەیە ئایا دیموکراسیتان دەیەوێت یان تەنها پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە نابێ کورد هەرگیز کەرکوك وەربگرێتەوە؟ پرسیاری من بۆ ئەو خەڵکانە کە ئەو سەروتارەیان نووسیوە ئەوەیە، ئایا دژی کوردن لە کەرکوك؟ ئەوەی دەینوسن دەرخەری ئەوەیە کە پرۆسیسێکی دیموکراسی هەیە و رەنگە کوردەکان سەرکەوتن بە دەست بهێنن، نابێ رێگایان پێ بدرێ سەرکەون. ئەمە دژی دیموکراسیەتە، ئەمە نیفاقە. دەبێ خۆیان بڕیاری خۆیان بدەن. ئایا باوەڕیان بە دیموکراسییەت هەیە یا نە؟

بۆ وەها لە ماددەی (١٤٠) دەروانرێ کە بە لای کوردەوە دەشکێتەوە؟ کێ دەڵێ ئەم ماددەیە وەها دەبێ؟ ئایا هیچ ئاماژەیەك لەناو ماددەی (١٤٠) هەیە کە لایەنگیری کوردی تێدا بێت؟ نەخێر ماددەی (١٤٠) داوای ئاسایکردنەوەی بارودۆخ دەکات، واتە نەهێشتنی ئەو زوڵم و ناعەدالەتییەی بەرامبەر خەڵکی کەرکوك کراوە. ئەنجامدانی ریفراندۆم واتە رێگەدان بە خەڵکی کەرکوك تا بڕیاری خۆیان بدەن بەوەی کە ئایا لەکوتاییدا دەیانەوێت بەشێك بن لە هەرێمی کوردستان یا نا؟ بە هەر ئاقارێك بێت، هێشتا هەر بەشێکە لە عێراق.

بۆ هێندە هەستیاری بەرامبەر کەرکوك هەیە بەوەی کە بەشێك نەبێت لە هەرێمی کوردستان؟ ئایا کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆیە؟ ئایا جیاوازن؟ نەخێر. دەبێ تێبگەن کە عێراق، بە کوردستانیشەوە یەك وڵاتە. کەرکوك، بەشێك بێت لە هەرێمی کوردستان یا نا، هیچ جیاوازییەکی نابێ، چونکە کەرکوك هەر بەشێك دەبێت لە عێراق. داوا لە ویژدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەم حوکم بدەن.

باشە، ئێمە پرۆسەیەکی دیموکراسیمان هەیە و ئێستا دەڵێن ناتوانن پرۆسەی دیموکراسی بۆ ئەم کێشەیە بەکار بێنن، چونکە حەز بە دەرئەنجامەکەی ناکەن.

*** ئەو بەر ئەنجامەی کە هەندێ شیکەرەوەی بیانی پێی گەیشتوون ئەوەیە کە ئەگەر کەرکوك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، عێراق لە بەر یەك هەڵدەوەشێت؟**

- باشە، ئایا دەکرێ بڕیارە گرنگەکان لەسەر بنەمای (ئەگەرەکان) بدرێن؟ دواتر چۆن ئەوان رێگە و ماف بە خۆیان دەدەن بڕیاری وەهای گرنگ لەسەر (ئەگەر) بدەن و کورد بێ بەش بکەن یان رێی لێبگرن لەوەی کە بڕیاری گرنگ لەسەر (ئەگەرەکان) نەدات؟ کوردیش وا دادەنێت، کە لایەنەکانی دیکە چارەسەریان ناوێت، چونکە هێشتا دیارە لە مێشکیاندا ماوە کە کورد ژێر دەستە بکەنەوە و شاڵاوی ئەنفال دووبارە بکەنەوە بۆمبارانی کیمیاوی دووبارە بکەنەوە.

*** رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ پێی وایە کە دامەزراوە ئەمنیە کوردییەکان، بە خراپ مامەڵە لەگەڵ کەمینەکان و مەسیحییەکانی موسڵ دەکەن، لە کاتێکدا مەسیحییەکان بە گشتی پشتیوانی لە کورد دەکەن، وەڵامت بۆ ئەمە چییە؟**

- ئێمە دەڵێین، با راستییەکان قسە بکەن. دژە ئەرگیومێنتی ئێمە ئەوەیە، زۆرینەی یەزیدی و شەبەك و تورکمان و کریستانەکان دەنگیان بە لیستی کوردستانی داوە لە هەرێمی کوردستان و موسڵ و کەرکوك، بۆیە ئەمجۆرە رەخنانە لای من هیچ کرێدیتیان نییە کە تۆمەت بۆ کورد دروست دەکەن.

لێرەدا پرسیارێك هەیە بۆیان، ئەگەر کوردستان هێندە خراپە، بۆچی هێندە عەرەب و مەسیحی و تورکمان و شەبەك و یەزیدی لەو ناوچانەی کە نا ئەمنی و توندوتیژی تێدایە رادەکەن و دێنە کوردستان تا خۆیان بپارێزن و لە ئارامی و سەقامگیریدا بژین؟ ئێمە راستیمان هەیە کە دێنەگۆ، هەموو کەس دەتوانێ ئەوەی دەیەوێت بیڵێت، بەڵام زۆر کەم دەتوانن سەلماندن بکەن. ئێمە بەڵگەی زیاترمان لەبەردەستە تا مەسەلەکانی خۆمان بە فاکتەوە بخەینە روو. ئێمە پێویستیمان بە زۆر قسە کردن نییە.

**هێشتا کورد قوربانیدەری پاکتاوی نەژادین لە موسڵ و زۆرێك لە ناوچە جێ ناکۆکەکانی دیکە و کوردەکان باش نەپارێزراون لەو ناوچانەدا**

**کێشەکان لەوەوە سەرهەڵدەدەن کە ئەلتەرناتیڤ بۆ چارەسەرە دەستورییەکان ناو بە ناو دەهێنرێتە پێشێ**

# هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کێشە هەڵ

# کورد چۆن لەم شەڕە سیاسییەدا



# ـــواسراوەکـــانی نێوان بەغداو هەولێر

# پێـگەیەکی بەهـێزی دەبێـــت؟





گوڵان
ژمارە (٧٦٤)
٢٠١٠/١/١١

**لە نێوان عەرەبی عێراقدا دوو بۆچوون سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام هەردوو بۆچوونە جیاوازەکە یەك بنەمای هەیە، ئەویش ئەوەیە نابێت کورد لە عێراقدا بەم ئاستەی ئێستای باڵادەست بێت و دەبێت لە شکۆی ئەم باڵا دەستییە بدرێت**

هێشتا نزیکەی دووهەفتەی ماوە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەست پێبکات، کەچی گوێبیستی هەندێك لێدوانی بەرپرسانی عەرەبی عێراق بەشیعەو سونەوە دەبین،کە پێدەچێت گرنگترین کارتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کێشەی کورد و پێگەی کوردبێت هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا، بەدەست لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراقەوە، ئەم کۆدەنگییەی عەرەبی عێراق لەسەر کێشەی کورد و پێگەی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا، هاودەنگی پەرلەمانی بەریتانیامان لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی بەریتانیا لەگەڵ کێشەی دورگەی فۆکلاند لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو بیر دێنێتەوە، کە ئەو کات لە ناو پەرلەمانی بەریتانیا دوو بۆچوون هەبوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە:

یەکەمیان: ئەو بۆچوونە بوو کە پێیان وابوو هێزەکانی بەریتانیا دورگەی فۆکلاند بگرنەوە و شەڕەکە کۆتایی پێبێنن.

دووەمیان: ئەو بۆچوونە بوو کە پێیان وابوو پێویستە دورگەی فۆکلاند بگێڕێتەوەو دوای ئەویش هێزەکانی بەریتانیا پێشڕەوی بکەن هەتا سیستمی سیاسیی ئەرژەنتینش دەروخێنن.

بەڵام هەر دووبۆچوونەکەی ناو پەرلەمانی بەریتانیا لە خاڵێکدا هاوبەشن کە پەرلەمان لەسەر ئەوەی بڕیاری شەڕ بدات و بەشەڕ فۆکلاند بگێڕێتەوە، هیچ کێشەمەکێش و رایەکی جیاواز نەبوو.

ئێستاش لە نێوان عەرەبی عێراقیشدا، راستە دوو بۆچوون سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام هەردوو بۆچوونە جیاوازەکە یەك بنەمای هەیە، ئەویش ئەوەیە نابێت کورد لە عێراقدا بەم ئاستەی ئێستای باڵادەست بێت و دەبێت لە شکۆی ئەم باڵا دەستییە بدرێت، ئەمە وەك بڕیاری لێدانی فۆکلاند لە لەلایەن پەرلەمانی بەریتانیاوە هیچ ناکۆکییەکی لەسەر نییە، بەڵکو ناکۆکی و جیاوازییەکان لەو خاڵەوە دەست پێدەکات چۆن شکۆ و باڵادەستی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا بشکێنرێت؟ ئایا بەوە رازیبین هەرێمی کوردستان سێ پارێزگا بێت لە چوارچێوەی هەرێمێکی فیدرالیدا لە عێراقدا؟ یان هەرێمە فیدرالییەکەش هەڵبوەشێنینەوە و وەك سێ پارێزگای عێراقی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت،ئەمە ئەو واقیعەیە کە رۆژانە هەستی پێدەکەین د.نوری مالیکی کە ئێستا سەرۆك وەزیرانی بەغدایە ئەوە بە گوێماندا دەدا پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا کورد ئەو پشت و پەنایەی ئێستای نامێنێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق ئیدی کورد ناتوانێت باسی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بە کەرکوکیشەوە بۆ سەرهەرێمی کوردستان بکات و داواشی بکەن ناتوانن بیگرنەوە، ئەمە بە حساب ئەو لایەنە میانڕۆیەیە کە چەندین ساڵە ئامادەبووە دەسەڵات لە بەغدا لەگەڵ کورد بەش بکات و بە هاوپەیمانی لەگەڵ کورد حکومەت دروست بکات .

لایەنی دووەمیان کە کۆنە بەعسییەکان و شۆڤێنییەکان دەگرێتەوە لێدوانەکانی شۆڤێنییەکی وەك سالح موتلەگ کە بەداخەوە لە لیستەکەی ئەیاد عەلاوییە و دەڵێت پێویستە کورد پۆستی سەرکۆمار و وەزارەتی دەرەوەی عێراقی لێبسەنرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم دوو پۆستە سیادییە گرنگە بۆ بەرژەوەندی عێراق بەکار نەهاتووە بەڵکو بۆ بەرژەوەندی کورد بەکارهاتووە، ئەوەشی لە هەمووی سەیرترە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و ئەمەریکا و هاوپەیمانیش رێگە بەم لێدوانە بەرپرسیارانانە دەدەن و وەك هەڵکشانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن سەیر دەکەن و چارەسەری رەزامەندیشی بۆ دەلەقێنن، بەڵام لەبەرامبەردا ئەگەر کورد بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنیش بڵێت : ((ئەگەر بڵێت جێبەجێکردنی دەستووری عێراق فاکتەری بە یەکگرتوویی هێشتنەوەی عێراقە و ئەگەر ئەم دەستوورە جێبەجێ نەکرێت عێراق بەیەکگرتوویی نامێنێتەوە))، ئەوا هەموو میدیا عەرەبییەکان و ئاژانسەکانی جیهان دەکەونە هات و هاوار و دەڵێن، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان دەدات، بەڵام بۆ عەرەبی عێراق ئەگەر بەرگری لە سیاسەتەکانی سەدامیش بکەن کە پێشتر دژی کورد پیادەی کردوون ئەوا کارێکی ئاساییە.

**د.نوری مالیکی کە ئێستا سەرۆك وەزیرانی بەغدایە ئەوە بە گوێماندا دەدا پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا کورد ئەو پشت و پەنایەی ئێستای نامێنێت**

گرنگە لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا پێگەی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا زۆر بە هەستیاری و بە ئاگادارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و رێگە نەدرێت ئەگەر پێشمان نەکرێت ئەوەی پێشتر بەدەستمان هێناوە زیاتری بکەین، ئەوا لانی کەم دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت نابێت لەو ئاستە بێینە خوارەوە، خۆ ئەگەر لەو ئاستە هاتینە خوارەوە ئەوا پێگەی کورد ئەوجا بە ناوی هاوپەیمانی کوردستان بێت یان چەند لیستێکی جیاواز بێت، لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا بە ئاستێك دێتە خوارەوە کە بۆ پێکهێنانی حکومەت هیچ بایەخێکی نامێنێت . کە ئەم بایەخەشی نەما ئەوا کورد زۆر پێداگیری بکات دەکەوێتە دەرەوەی حکومەت و کە لە حکومەتیش هاتە دەرەوە ئەوا هیچ گوشارێکی بەدەستەوە نامێنێت بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا پێ چارەسەر بکات.

لایەنێکی دیکەی ئەو گۆڕانکارییەی لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا هاتۆتە ئاراوە دروستبوونی قەوارەو هاوپەیمانی تازەیە، ئەم هاوپەیمانییە تازانەی دروست بوون، گرنگترین و مەترسیدارترین هاوپەیمانییەکانی نێوان عەرەبی شیعەی عێراقە، کە دوولیستی گرنگ و گەورە (لیستی مالکی و لیستی حەکیم)ە بێجگە لە نۆ پارێزگاکەی باشور لە بەغدا و دیالە و موسڵ وکەرکوکیش کێبڕکێیان بەردەوام دەبێت، مەزندەی ئەوە دەکرێت هەردووك پێکەوە خۆیان لە رێژەی ٥٠٪ی دەنگەکان نزیك بکەنەوە، راستە ئێستا ئەم دوولیستە بە جیا دادەبەزن و خۆیان وەك نەیار و رکابەری یەکتری پیشاندەدن، بەڵام وەك لەسەردانەکانی بەرپرسانی ئێرانی بۆ عێراق و گوشاری ئێران بۆ سەرهەردوولا(حەکیم و مالیکی) دەردەکەوێت، ئەگەری لێکنزیکبوونەوەو هاوپەیمانی کردنیان ئەگەر پێش هەڵبژاردن لەیەکتری دوور بێت ئەوا لە دوای هەڵبژاردن لێك دوورنابێت، ئەمەش تەواو تەواو لە لێدوانەکەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی دەردەکەوێت کە سەبارەت بە لێدوانەکەی مالکی کە گوتبووی(لێك نزیکبوونەوە لە نێوان لیستی مالیکی و حەکیمدا هەیە) ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی ئەم ئەگەرەی بۆ پێش هەڵبژاردن دوورخستەوە بەڵام بۆ دوای هەڵبژاردن بە ئەگەرێکی



دووری نەزانیبوو، بۆیە مەزندە دەکرێت کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو گۆڕانکاری گەورە بەسەر هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا بێنێت و ئەو گۆڕانکارییانە زۆر شت بگۆڕێت، بۆیە گرنگە لە ئێستاوە لایەنی کوردستانی کە خۆی لە هاوپەیمانی کوردستان و یەکدوو لیستی جیاوازدا دەبینێتەوە، دووحاڵەت لێکجیابکاتەوە:

١- ئاساییە ئەو جیاوازبوونی لیستانە بۆ زانینی قەوارەی پێکهاتە سیاسییەکانی کوردستان بێت لەسەر ئاستی کوردستان (بەناوچەداپراوەکانیشەوە) بێت و بەس.

٢- بۆ بەغدا ئەگەر هەموو لایەنە سیاسییەکان قوربانیشیان بە ئیستحقاقی ئینتخابی خۆشیانداوە، دەبێت بە یەککگرتووی و یەك هەڵوێستی وەك یەك لیست لە ناو پەرلەمانی عێراقدا نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکەن و بڕیاری بەشداریکردن یان هاوپەیمانی گرێدان، وەك یەك لیست و یەك قەوارەی سیاسیی بێت.

لەوانەیە هەندێك کە ئاوا بەراشکاوی پێ لەسەر ئەم مەترسییە دادەگرین، مەسەلەکە بەوە گرێبدەنەوە کە پارتی مەبەستێتی پۆستی وەزارەتی دەرەوەی عێراقی لە دەست نەچێت و یەکێتی پۆستی سەرۆك کۆمار، لەوەڵامی ئەواندا دەڵێن نە پارتی بەتەنها پۆستی وەزارەتی دەرەوەی عێراقی پێوەردەگیرا، نە بەڕێز مام جەلالیش وەك سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان پۆستی سەرۆك کۆماری عێراقی وەردەگرت، ئەوەی کورد لە بەغدا بەدەستی هێناوە بەدەنگی هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و مەزهەبەوە بە دەست هاتووە، بۆیە ئەگەر ئەم یەکریزی و یەك هەڵوێستییە لە دەست بچێت ئەوا نەك پارتی و یەکێتی، بەڵکو کورد لە بەغدا ماف و ئیستحقاقی خۆی وەك نەتەوەی سەرەکی و هاوبەش لەعێراقدا لە دەست دەچێت، ئەمەیە ئەو مەترسییەی کە پێویستە کورد لە بەرچاوی بگرێت و مەسەلەکە زۆر لە پلەو پۆستی حکومەتی بەغدا گەورەترە و ئەگەر کورد گرفتی پلە و پۆستی لە عێراقدا هەبوایە ئەوا هەموو کات سەدام حوسێن پۆستی دووەم (کە ئەوکات جێگری سەرۆك کۆمار بووە) بەکورد داوە و شۆڕشی کوردستان قبوڵی نەکردووە، بەڵام دیسان سەدام حوسێن کوردێکی ئەڵقە لە گوێی خۆی لە هەمان پۆست دانابوو هەتا ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ ش، ئەو کوردە جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بووە، بۆیە کێشەی کورد لە عێراقدا کێشەی پلە و پۆست نەبووە لە حکومەتی بەغدا و لە ئاییندەشدا ئەوە کێشە نابێت، لەوانەیە ئەگەر کورد یەکریزیش نەبێت لەم هەڵبژاردنەدا پاش هەڵبژاردن بە گوشاری ئەمەریکا هەمان ئەو پۆستانەی ئێستا کورد هەیەتی بدرێنەوە بەکورد، بەڵام ئەم پۆستانە ئەگەر یەکریزی و یەك هەڵوێستی کوردی لە پشتەوە نەبێت، ناتوانێت ئەو گوشارەی هەبێت کە یاسا ڤیتۆ بکات یان هەڕەشەی هەڵوەشانەوە لە حکومەتی بەغدا بکات، ئەوکات ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتە دەبینەوە بەشداری لە حکومەت دەکەن باشە نایکەن خۆتان زەرەر دەکەن، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوو نەتوانراوە ئەم قسەیە بە کورد بگوترێت لەبەر ئەوەی بە کشانەوەی کورد حکومەتی بەغداش لەبەر یەك هەڵدەوەشایەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە نەبوو دوای کشانەوەی کورد لە بەغدا، لە پەرلەمانی عێراقدا نیسابی قانونی دروست نابێت، بەڵکو ئەمە بەرەنجامی ئەو ڕێککەوتنە بوو کە بۆ حکومەتی ئیئتلافی و بەشداری کورد لە و حکومەتە ئیمزا کرابوو.

ئەو پسپۆرانەی بۆ ئەم ڕاپۆرتە بەشدارییان لەگەڵدا کردووین کەم تازۆر لەسەر ئەو مەترسییانەی ئێمە لەم ڕاپۆرتە ووڕژاندومان هاوڕان ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا دانی پێدانراوە ئەمەریکا ڕێگە نادات ئارامی ئەم هەرێمە بکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام هەتا ئێستاش ئەو پسپۆرانەشی کە چەندین ساڵە لەسەرکێشەکانی عێراق کاردەکەن و پێشنیار بۆ حکومەتی ئەمەریکا ئامادە دەکەن وەك پێویست لە مەسەلەی سنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێم و هەستیاری ئەم مەسەلەیە بە نیسبەت کوردەوە تێنە گەیشتوون، کە ئەمەش گەوهەری کێشەکەیە و ئاییندەی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغداش دیاریدەکات.



**لێدوانەکانی شۆڤێنیەکی وەک ساڵح موتڵەگە کە بەداخەوە لە لیستەکەی ئەیاد عەلاوییە و دەڵێت پێویستە کورد پۆستی سەرۆکمار و وەزارەتی دەرەوەی عێراقی لێبسەنرێتەوە**

**ئەگەر ئەم یەکریزی و یەک هەڵوێستیە لە دەست بچێت ئەوا نەک پارتی و یەکێتی، بەڵکو کورد لە بەغدا ماف و ئیستحقاقی خۆی وەک نەتەوەی سەرەکی و هاوبەش لەعێراقدا لە دەست دەچێت**

# دانیال سیروەر بۆ گوڵان:

## کێشەکە ئەوە نییە نابێت کوردستان هەبێت، بەڵکو کێشەکە لەسەر سنووری کوردستانە، دەبێت ئەمە زۆر بە خێرایی و بە شێوەیەکی ئاشتیانە یەکلابکرێتەوە

**پرۆفیسۆر دانیال سیروەر توێژەرێکی باڵایە لەئامۆژگای ئینۆڤایشن و بەڕێوەبەری دیراساتی تەنگژەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و لەسەردەمی ئیدارەی سەرۆك بوشدا یەکێك بووە لەئەندامی تیمی راسپێردراو بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی سربیا، هەروەها یەکێکە لە تایبەتمەندەکانی دۆسێی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیارترین نووسینی ئەو نوسینەیە کە بە ناونیشانی (عێراق کاتی گۆڕانی Iraq time for a change-) هاتووە بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕانکارییەکانی عێراق پرۆفیسۆر سیروەر بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



*** ساڵی ٢٠١٠ ساڵێکی یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا، لەبەر ئەگەر ئەمەریکا سەرکەوتوو نەبێت لەهێنانەدی سەقامگیری لە عێراقدا ئەوا ناتوانێت هێزەکانی لە ساڵی ٢٠١١دا بکێشێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك لەساڵی ٢٠١٠ دا سیاسەت و پێگەی ئەمەریکا لە عێراقدا دیاری دەکرێت؟**

- من پێم وایە ساڵێکی گرنگ دەبێت، بەتایبەتی کە ساڵی پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی ئەمەریکا دەبێت لەو وڵاتەدا کە ئومێدەوارم ئەم پرۆسەی کشاندنەوەیەش بێ کێشە و گرفت ئەنجام بدرێت.

*** ئێمە دەزانین ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی بارودۆخەکە لەعێراقدا سەقامگیربێت تاوەکو زەمینەی کشاندنەوەی هێزەکانی بڕەخسێت، لێرەدا دەپرسین ئەو گۆڕانکارییانە چین کەبەسەر سیاسەتی ئەمەریکا دێن لەم ساڵەدا و لە ئاست عێراقدا؟**

- گرنگترین ڕووداوێك کە ڕوودەدات کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکایە لەم وڵاتەدا، بەڵام من دڵنیانیم ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمەریکا لە ڕووی سیاسی و دیبلۆماسییەوە ئامادەبوونی دەبێت لە عێراقدا، هەروەها من دڵنیانیم کە ئایا تا چ ئاست و ئەندازەیەك ئەمەریکا ئامادەسازی و پابەندبوونێکی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت لە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە بە تێروانینی من کێشەیەکی گەورەیە لەو وڵاتەدا، بە تایبەتی لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا، کە ئەوەش ئاشکرایە حاڵی حازر ئەمەریکا ئەم ئەرکەی زیاتر بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان جێهێشتووە.

*** وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیرییەکی بەهێز لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق دەکات، لەبەر ئەوەی باوەڕی وایە ئەم هەڵبژاردنانە زۆرێك لە کێشەکانی عێراق چارەسەر دەکەن، بەڵام لە واقیعدا پێشتریش چەندین هەڵبژاردن ئەنجامدراون، بەڵام بەو شێوەیە نەبونەتە هۆی گۆڕینی هەلومەرجەکە، ئایا بۆچی ئەمەریکا سەرەتا بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکان ناکاتەوەو دواتر پشتگیری لە هەڵبژاردنەکان بکات؟**

- ئەوە گومانی تێدانییە ئەمەریکا ئەم هەڵبژاردنانە بە گرنگ تەماشادەکات و پشتگیری لە سازدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و نەزیهانە دەکات کە میسداقییەتی هەبێت لای خەڵکی وڵاتەکە، بەڵام هەڵبژاردنەکانیش لە لایەن عێراقییەکانەوە ڕێکدەخرێن و ئەمەریکا تەنها لە مەودایەکی سنورداردا دەتوانێت کاریگەری هەبێت لە باشتر بەڕێوەبردنی ئەو هەڵبژاردنانە، ڕاستە ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە هێزە عەلمانییەکان، یاخود ئەو هێزانەی پەیوەست نین بەتائیفە یان ئاینێکی دیاریکراوەوە سەرکەوتن بەدەستبهێنن، بەڵام ئەمەریکا خواست و ویستی هاوڵاتییانی عێراقی زیاتر لامەبەستە.

*** هەمیشە ئیدارەی ئەمەریکا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بڕیاردان لەسەر مەسەلەکان بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، بەڵام بە ڕای زۆرێك لە چاودێر و شارەزاکان گەیشتنی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە ڕێککەوتن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە کارێکی سەختە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات، ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە شکست بهێنێت؟**

- من پێم وانییە ئەو پرۆسەیە شکستبهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش دووچاری ساتەوەختی سەخت دەبینەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پێکهێنانی حکومەتەوە هەبێت لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە، ڕاستە ڕەنگە دەرەئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە چەند لایەنێك دووچاری نائومێدی بکەنەوە، بەڵام من باوەڕم وایە بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕێککەوتن لە ئارادایە بۆ ئەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکان بە شێوەیەکی سیاسییانە چارەسەربکرێن، نەك لە ڕێی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە، بەو پێیە بە تێڕوانینی من جگە لە تیرۆریستان زۆربەی هێزە سیاسییەکانی عێراق ڕێساکانی پرۆسە سیاسییەکە قبوڵ دەکەن.

*** بەپێی هەندێ لە سەرچاوەکانی هەواڵ شاندێکی پەرلەمانی عێراق سەردانی سوریایان کردووە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی پێشووی حزبی بەعسدا، لێرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێت ئایا ئەگەر ئەمەریکا**

**بە نیازی گەڕاندنەوەی بەعسییەکانە بۆ سەر دەسەڵات بۆچی لەسەرەتادا هەڵسا بە ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس؟**

- من پێم وایە هەوڵی عێراقی و ئەمریکییەکان ئەوەیە تا ئەو ڕادەیەی مومکینە پرۆسە سیاسییەکە فراوان بکرێت بۆ ئەوەی ئەوەی زۆرترین لایەن و پێکهاتە لەخۆبگرێت، هەرچەندە ئەمە بڕیارێکە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، دواتر من نازانم شاندی پەرلەمانی عێراق چی بەو کەسانە دەڵێن کە لە سوریا دانیشتنیان لەگەڵ دەکەن، بەڵام جێی سەرسوڕمانە ئەگەر ئەو پەیامەیان پێڕانەگەیەنین کە ئێوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناو پرۆسە سیاسییەکە، ئەویش ئەگەر باوەڕتان بە پرۆسەکە هەیە و ئەگەر دەستتان بە خوێنی عێراقییەکان سورنەبێت.

لە لایەکی دیکەوە من پێم وایە نابێت ترس و نیگەرانیمان هەبێت لە گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ سەر دەسەڵات ئەگەر خەڵکی عێراق لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و نەزیهانەدا گوزارشت لە ئیرادەی خۆیان بکەن، واتە تاوەکو عێراق وەك وڵاتێکی دیموکراسی بمێنێتەوە، ئەوا نابێت مەترسی ئەوەمان هەبێت بەعسییەکان دەسەلات دەگرنەوە دەست، بەڵام پەراوێزکردنی ئەو خەڵکانەی دەستیان بە خوێنی عێراقییەکان سورنییە، تەنها ڕێگاچارەیەکی کەم بۆ ئەو خەڵکە پەراوێزکراوە دەهێڵێتەوە کە یەکێك لەوانە پەنابردنەبەر توندوتیژییە، لەبەر ئەوە پێویستە تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت پرۆسە سیاسییەکە فراوان بکرێت.

*** ئێمە دەزانین کە پێکهاتە سەرەکییەکانی وڵاتەکە نەگەیشتونەتە ڕێککەوتن لەبارەی پێکەوەژیانیان لەگەڵ یەکدا، بۆ نموونە عەرەبەکانی عێراق، بە شیعە و سوننەوە باوەڕیان بە مافەکانی خەڵکی کوردستان نییە، هەروەها هەوڵی هەموارکردنی دەستوری عێراق دەدەن بۆ کەمکردنەوەی مافەکانی خەڵکی کوردستان، ئایا کوردەکان چۆن دەتوانن لە عێراقێکدا بژین ئەمە هەڵوێستی بەشەکەی دیکەی وڵاتەکەبێت لەگەڵیاندا؟**

- ئەمە خوێندنەوەی من نییە بۆ بارودۆخەکە، لەبەر ئەوەی لە دەستوری عێراقدا کوردستان بەشێکی دانپێدانراوە، هەروەها کوردەکان ئاستێکی بەرچاوی نوێنەرایەتیان هەیە لە بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاستێکی گەورەی ئۆتۆنۆمی هەیە، من پێم وایە کێشەکە لێرەدانییە، واتە کێشەکە لە ڕەتکردنەوەی دانپێدانان بە مافەکاندا نییە، کێشەکە لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە، بە دەربڕینێکی دیکە کێشەکە لەسەر ئەوە نییە نابێت کوردستان هەبێت و نابێت ئۆتۆنۆمی هەبێت، بەڵکو کێشەکە لەسەر سنوری کوردستانە، کە بە بیروبۆچونی من دەبێت ئەمە زۆر بە خێرایی و بە شێوەیەکی ئاشتیانە یەکلابکرێتەوە.

*** هەمیشە سەرۆك وەزیرانی عێراق باس لەوە دەکات لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کوردەکان بێ هاوپەیمانیتی دەمێننەوە، ئەمەش بەو جۆرە لێکدەدرێتەوە کە مالیکی نیازی زیانگەیاندنی بە سەقامگیری و دەستکەوتەکانی کوردستان هەیە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا ئامادەیە پشتگیری لە کوردستان بکات لە دوای کشاندنەوەی هێزەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشانەی سەرۆك وەزیرانی عێراقی؟**

- لە ڕاستیدا هەر ئەمە هۆکاری ئەوەبوو کە من پێشتر باسم لە گرنگی بە پەلە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کرد، لەبەر ئەوە لێکدانەوەکەی مالیکی ڕاستە، بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پێگەی کوردەکان لاوازدەبێت و هەر ئەمەشە مالیکی دەیەوێت بە کوردەکانی بڵێت کە پێویستە ئامادەبن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و لەم پێناوەشدا سازش بکەن.

*** سەقامگیری و ئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردستان بەیەکێك لە دەستکەوتەکانی ئەمەریکا دادەنرێت لەعێراقدا، ئایا ئەمەریکا پشتگیری لەم دەستکەوتە ناکات، یاخود ئایا وەك خەڵکی کوردستان دەپرسن هیچ زەمانەتێك هەیە لە لایەن ئەمەریکا بۆ پشتگیری کردنی کوردستان؟**

- من نازانم زەمانەتێك هەیە یان نا، دەبێت بۆ ئەم مەبەستە پرسیار لە بەرپرسە ئەمەریکییەکان بکەن، ئەمەریکا پشتگیری لە عێراق دەکات بەو شێوەیەی لە دەستوردا هاتووە، ئەو عێراقەشی لە دەستوردا هاتووە بوونی هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێت کە هەرێمێکی خاوەن ئۆتۆنۆمییە، ئەوەی پەیوەندی بە پشتگیری ئەم هەرێمەوە هەبێت من گومانم هەیە لە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکاندا ئەمەریکا بتوانێت ئەم پشتگیرییە بۆ کوردستان دەستەبەربکات، لەبەر ئەوەی بەکشانەوەی هێزەکان چیتر ئەمەریکا ناتوانێت ناوبژیوانی لە نێوان هێزەکانی عێراق و هێزەکانی کوردستان بکات و ڕێگە لە سەرهەڵدانی ناکۆکی بگرێت لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، لەبەر ئەوەی تاوەکو زووتر ئەم کێشانە چارەسەربکرێن باشترە، هەروەها ئەگەر کوردەکان زەمانەتیان دەوێت لە ئەمەریکا دەبێت بکەونە گفتوگۆیەکی جیدییەوە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە.

*** چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیدا هەن، ئایا تا چ ڕادەیەك چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە ئایندەی وڵاتەکە دەخاتە مەترسییەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانەی ئایندەی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، بە دڵنیاییەوە ئایندەی کوردستانیش، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە دەست بە گفتوگۆیەکی جیدی بکرێت لە بارەی دوو کێشەی زۆر سەرەکییەوە، ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و کێشەی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت، زۆر گرنگە ئەم کێشانە پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا یەکلابکرێنەوە، هەروەها پێویستە تێگەیشتنێکی ڕونیش گەڵاڵە بکرێت لە بارەی چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی پرسی کەرکوك.

*** چۆن هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی داهاتوی عێراق نەخشەی سیاسی وڵاتەکە دەگۆڕن و ئایا دوای ئەم هەڵبژاردنانە ئەمەریکا بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ عێراقدا دەکات؟**

- لە ڕاستیدا پێشتریش ئێمە گۆڕانکاری جیدیمان بینی، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا گۆڕانکاری گەورەمان بینی بەهۆی نارەزای خەڵکی ئەو پارێزگایانە لە ئەدای دەسەڵاتەکانی پێشوو، لەبەر ئەوە پێشبینی ئاڵوگۆڕی گەورە دەکرێت لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی داهاتوو، ئەوەی پەیوەندی بە ئەمەریکاوە هەبێت ئەوا هیوادارە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی وەك وڵاتێکی دۆست و بگرە هاوپەیمان مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکات، بەڵام تاوەکو کێشە و ناکۆکی نێوان عەرەب و کوردەکان چارەسەرنەکرێن، ئەوا عێراق نابێت بەو وڵاتەی ئەمەریکا بتوانێت بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لەم ڕوانگەیەوە چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە لە بەرژەوەندی ئەمەریکاشدایە.

*** دوا وتە چییە؟**

- پەیامی من ئەوەیە کورد و کوردستان پێگەیەکی باشیان هەیە لە دەستوری عێراقدا و خوازیاری پاراستنی مافەکانیان و منیش خوازیارم مافەکانیان پارێزراوبێت، بەڵام دەبێت بۆ ئەم مەبەستە گفتوگۆیەکی جددی بکەن لە بارەی چارەسەرکردنی کێشە گەورە و سەرەکییەکانەوە.

**من دڵنیانیم کە ئایا تا چ ئاست و ئەندازەیەک ئەمەریکا ئامادەسازی و پابەندبوونێکی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت لە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە بە تیروانینی من کێشەیەکی گەورەیە لەو وڵاتەدا**

## جەی پارکەر بۆ گوڵان:

# عێراق هیچ ئایندەیەکی نابێت، ئەگەر کورد نەبێتە توخمێکی بەهێز و کاریگەر، ئەو ڕۆڵەی هەرێمی کوردستان دەیبینێت هۆکاری یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ ئایندەی عێراق

**پرۆفیسۆر جەی مۆرگان پارکەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی جۆرج تاون و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆسیێی عێراق و یەکێك بووە لەراوێژکارانی راپۆرتی بیکەر هاملتۆن، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی عێراق و ئەگەرەکانی ئایینده پرۆفیسۆر پارکەر بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** ساڵی دادێ چۆن بۆ عێراق گرنگە بە هەمان شێوە بۆ ئەمەریکاش گرنگە بۆیە ئەگەر ئەمەریکا لەچەند ساڵی دادێ لەعێراق سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەستی بۆ ئەفغانستان بەتاڵ دەبێت، ئەگەر کێشەکانی عێراق چارەسەر نەکرێن، ئەوا لە یەك کاتدا دوو کێشەی ئاڵۆزی دەبێت، تۆ چۆن سەیری ئەم ڕووداوانە دەکەیت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە تا ڕاددەیەکی دیاریکراو دەوەستێتە سەر بەرەوپێشچونی بارودۆخەکە لەئەفغانستاندا، لەبەر ئەوەی هۆکارەکە هەرچییەك بووبێت، ئەوا ئەمەریکا بێ هەڵسەنگاندنی سنورداری سەرچاوەکانی بەرەی عێراقیشی لەخۆی کردەوە، ئێستاش ئەمەریکا لەڕووی ئابووری، سیاسی و سەربازییەوە لەپێگەیەکدا نییە بتوانێت بۆ هەمیشە خۆی تەرخان بکات بۆ هەردوو بەرەکە. بە تایبەتی کە حاڵی حازر بارودۆخی ئەفغانستان زیاتر ئاڵۆز و شێواوە. بەشێوەیەکی گشتی پێم وایە بارودۆخی عێراق زۆر دوورە لەئومێد و چاوەڕوانی ئێمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو باوەڕەدام خەڵکی عێراق زیاتر ئامادەن و توانایەکی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی ئەرکی حکومڕانێتیکردنی وڵاتەکەیان بگرنە ئەستۆ، بەو پێیە دەتوانن زیاتر کۆنترۆڵی چارەنووسی خۆیان بکەن.

*** ئیدارەی ئۆباماش بەهاوشێوەی ئیدارەی بوش، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، زۆر جەخت لەسەر هەڵبژاردن دەکاتەوە، بەڵام لە عێراقدا چەندین هەڵبژاردنی دیکەش کراوە، کەچی کێشەکان وەك خۆیان ماونەتەوە، ئایا پێتوایە هەڵبژاردنی ئەم جارە دەبێتە فاکتەرێك بۆ چارەسەری کێشەکان؟**

- لەڕاستیدا بەدیلێکی دیکە بۆ ئەم هەڵبژاردنانە لە ئارادا نییە، دواتر من پێم وانییە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بتوانێت گۆڕانکارییەکی دیاریکراو بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت، هەروەها ئەوە ئەرك و بەرپرسیارێتی ئەمەریکاش نییە ئەم کارە بکات، بەڵکو ئەم بەرپرسیارێتیە، یاخود بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکە دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان. کە ئومێدی ئەوە هەیە عێراقییەکان متمانەیەکی زیاتریان بەخۆیان بەدی هێنابێت و بتوانن سەرکەوتووانە هەڵبژاردنێکی ئارام و پاك و نەزیهانە ئەنجام بدەن، هەروەها بتوانن بە سەرکەوتویی و سەقامگیری ئەم قۆناغە تێپەڕێنن و بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەن. ئەوەی مایەی تێگەیشتنە، کە لە هەمان کاتدا کارێکی مەترسیداریشە ئومێدێکی زۆرمان هەبێت کە هەڵبژاردنەکان هەموو شتێك دەگۆڕن، گرنگی هەڵبژاردنەکان ئەوەیە، کە ئەگەر هەڵبژاردنێك بکرێت میسداقیەتی هەبێت، ئەوا ئەمە هەنگاوی یەکەمە، هەنگاوی دووەم ئەوەیە دەبێت ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن نوێنەرایەتی بەرژەوەندی تێکڕای عێراقییەکان بکەن و هەوڵی بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە بدەن، لەبری ئەوەی خۆیان بە ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە سەرقاڵ بکەن. من متمانەم هەیە ئەمە ڕوودەدات، هەرچەندە ئەمە کارێکی ئاسانیش نییە، لە حاڵەتی ڕوودانیشیدا ئەوا من دڵنیام کە ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادە دەبن وەك وڵاتێکی سەقامگیر و سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکەن و وەك شەریکێکی بازرگانی، هەروەها وەك شەریکێك بۆ ئەرکی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لە عێراق بڕوانن، ئەو کاتەش ئەمەریکا وەك وڵاتێکی یەکسان، بە چەشنی بەریتانیا و فەڕەنسا و یابان مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکەن. کەواتە گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە هەر تەنها لەوەدا نییە کە بەپێی خواست و ئیرادەی خەڵك حکومەت دەگۆڕێت، بەڵکو دەبێتەهۆی ئەوەی دووبارە بەو شێوەیە وڵاتانی جیهان مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکەن کە شیاویەتی و ڕێزی لێبگرن.

*** بە ڕای زۆرێك لە چاودێر و شارەزاکان گەیشتنی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە ڕێککەوتن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە کارێکی سەختە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات، ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە هەرەس بهێنێت؟**

- من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمە بەرپرسیارێتی خودی عێراقییەکان خۆیانە و لە ڕاستیدا زۆرێك لە هەڵە کارەسات ئامێزەکان



گوڵان
ژمارە (٧٦٤)
٢٠١٠/١/١١

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هۆکارەکەی ئەوەبوو کە نەك هەر دەبوو ئێمە ئەم ڕۆڵ و ئەرکە بە عێراقییەکان بسپێرین، بەڵکو عێراقییەکان توانای لە ئەستۆگرتنی ئەم ئەرکەشیان هەبوو. ئەوەش ڕاستە کە هیچ نەتەوەیەك کە بەم قۆناغەدا تێپەڕیبێت و ئاوڕ لە قۆناغ و خاڵەکانی وەرچەرخانی خۆی بداتەوە دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە ئەمە ئەرکێکی ئاسان نەبووە و لە سەرەتادا متمانەی تەواویان بەخۆیان نەبووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی و دژوارییەکان، بەڵام کاتێك ئەو ساتەوەختانە هاتونەتە پێشەوە کە دەبێت بڕیار لە چارەنوس و ئایندەی خۆیان بدەن، لە ئاستی بەرپرسیارێتی و ئەرکەکەدا بوونە. ڕاستە عێراق لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا دووچاری چەندین کارەسات و نەهامەتی بۆتەوە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەرچاوبگرین کە عێراق مێژویەکی دورودرێژتری هەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و زۆرێك لە وڵاتە ئەوروپییەکان و سەردەمانێك هەبوو کە خەڵکەکەی باوەڕیان بە گرتنەبەری ڕێگایەکی هاوبەش بووە بۆ بەرەوپێشبردن و سەقامگیرکردنی بارودۆخی وڵاتەکەیان، ئێستا من لەوە تێدەگەم کە عێراقییەکان نەك هەر بە حەزەرن، بەڵکو نیگەرانیشن لە ئایندەی نزیکی وڵاتەکەیان، ئەویش بەهۆی ئەو هەموو ناخۆشی و کارەساتەی لە ماوەی ڕابردوودا دووچاری بوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکانێك هەن لە دەرەوەی عێراقدا و باوەڕیان وایە ئەو وڵاتە لە مەودای دووردا زۆر لە ئێستا بەهێزتر دەبێت. ئەوە شتێکی سروشتییە کە خەڵکی عێراق تەنها تەرکیز لەسەر لایەنە سلبی و ڕەشەکانی بارودۆخەکە بکەن، چونکە ئەوان لە ناو واقیعەکەدان و ڕستەوخۆ ڕووبەڕووی دەرئەنجامە تاڵەکانی دەبنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نە ئەمەریکا و نە هیچ هێزێکی دیکە ناتوانێت عێراق بەو شێوەیە بنیاتنێتەوە کە لە ئاستی خواست و ویستی عێراقییەکاندا بێت و نە دەتوانێت ئایندەی وڵاتەکە بەو شێوەیە بنیات بنێتەوە کە لە ئاست ئومێدی خەڵکی وڵاتەکەدابن. لە لایەکی دیکەوە تەنانەت ئەو کەسانەشی کە هاوڕانین لەسەر ئەوەی دەبێت ئەمەریکا چ سیاسەتێکی لە عێراقدا هەبێت، لەسەر ئەوە هاوڕان کە عێراقییەکان سەلماندویانە خاوەنی توانا و ئیرادەی پێویستن و ئەگەر باوەڕیان بە ئایندەی هاوبەش و هاوچارەنوسی هەبێت ئەوا دەتوانن بە چەشنێك وڵاتەکەیان بنیات بنێنەوە ئەوا دووبارە عێراق دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دۆخی سروشتی خۆی.

*** بە پێی هەندێ لە سەرچاوەکانی هەواڵ شاندێکی پەرلەمانی عێراق سەردانی سوریایان کردووە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی پێشوی حزبی بەعسدا، لێرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێت ئایا ئەگەر ئەمەریکا بە نیازی گەڕاندنەوەی بەعسییەکانە بۆ سەر دەسەڵات بۆچی لەسەرەتدا هەڵسا بە ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس؟**

- سەرەتا من هاوڕام لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کە ئەمەریکا خوازیاری گەڕاندنەوەی بەعسییەکانە، خاڵی دووەم من پێم وایە عێراقییەکان کارێکی لەم چەشنە قبوڵ ناکەن، خاڵی سێیەم ئەوەیە کە خەڵکانێك هەن لە سوریادا کە گەڕاندنەوەی ڕژێمی پێشوو بە بەرژەوەندی سوریا نازانن. لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە ئێمە زۆرێك لە گفتوگۆ و کۆبوونەوە بەدی بکەین لەگەڵ زۆرێك لە گروپ و خەڵکە جیاوازەکاندا، بەڵام جێی سەرسوڕمانە ئەگەر ئەم گفتوگۆیانە تەنها لەگەڵ ئەو کەسانەدا کورتبکرێتەوە کە لە وڵاتی سوریادان. هەروەها هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد من باوەڕم وایە خەڵکی عێراق هەنگاوێکی لەم چەشنە ڕەتدەکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە کارێك نییە بە نهێنی ئەنجامبدرێت، بۆ نموونە ڕۆژنامەکان و ڕاگەیاندنەکان، بە چەشنی ئەوەی ئێوە دەیکەن، بە دواداچوون بۆ ئەم هەواڵ و بۆ ئەم ڕوداوە دەکەن و ئاشکرای دەکەن.

*** عەرەبەکانی عێراق، بە شیعە و سوننەوە باوەڕیان بە مافەکانی خەڵکی کوردستان نییە، هەروەها هەوڵی هەمواركردنی دەستوری عێراق دەدەن بۆ کەمکردنەوەی مافەکانی خەڵکی کوردستان، ئایا کوردەکان چۆن دەتوانن لە عێراقێکدا بژین ئەمە هەڵوێستی بەشەکەی دیکەی وڵاتەکەبێت لەگەڵیاندا؟**

- ئێمە لە ئەمەریکا ئەم دەنگوباسانە دەبیستین، کە عێراق هیچ ئایندەیەکی نابێت، بێ ئەوەی کوردەکان نەبنە توخمێکی بەهێز و کاریگەر لە عێراقدا، هەروەها ئەو ڕۆڵەی هەرێمی کوردستان دەیبینێت و سەقامگیری و بەهێزی ئابووری وڵاتەکە، هۆکاری دەستنیشانکار و یەکلاکەرەوە دەبن بۆ ئایندەی وڵاتەکە. کە دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاوبێت کە هەرێمی کوردستان توانیویەتی لە بارودۆخی سەختی عێراقدا ئابوورییەکی تا ڕاددەیەك سەقامگیر بهێنێتەدی. ئەگەر ئێمە ئاوڕێکی وورد لە مێژوی عێراق بدەینەوە، ئەوا حاڵەتەکانی پێشێلکردن و زەوتکردنی مافەکانی کورد بەدی دەکەین، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەشمان لەبەرچاوبێت کە هەر کاتێك ئەم حاڵەتەکە بوبێت، ئەوا عێراق وڵاتێکی لاواز بووە و ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ ناسەقامگیری ناوچەکە. من باوەڕم وایە ئومێدی بەرەوپێشچوون و گەشەکردن هەیە لە عێراقدا، بەڵام من ئەوەش دەزانم کە ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی کە من خۆشم سەر بە نەتەوەیەکم لە چەندین گروپ و پێکهاتەی جیاواز پێکهاتووە و دژواری ئەم ئەرکەم لەبەرچاوە. ڕاستە ڕووداوە ناخۆش و ناهەموارەکانی ڕابردوو بونەتەهۆی ئەوەی کەسانێك ئەو تیڕوانینەیان لادروست نەبێت کە عێراق ئایندەیەکی هاوبەش و چارەنوسێکی هاوبەشی هەیە، کە بە باوەڕی من ئەو کەسانەی خوازیاری عێراق لاواز و دابەشبوون، باشترین هاوپەیمانی دوژمنەکانی عێراق، لەبەر ئەوەی عێراقێکی لەم چەشنە مەترسییە بۆ سەر هەموولایەك. من پێم وایە ئەمە گەورەترین بەربەستی بەردەم بەرەوپێشچونی بارودخەکە بووە لە ماوەی ڕابردوودا، ئەمە تیڕوانینێکی مەترسیدارە لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی بەهێزکردنی ئەو لایەن و دەوڵەتانەی نایانەوێت دووبارە عێراق وەك وڵاتێکی بەهێز و یەکگرتوو پێگەی خۆی لە جیهاندا بەدەست بهێنێتەوە. هەروەها من نازانم چۆن دەتوانین عێراق بەرەو گەشەکردن و سەقامگیری ببەین، بێ ئەوەی تێکڕای پێکهاتە و توخمەکانی وڵاتەکەی بەشداربن لە ئەرکی دووبارە بنیاتنانەوەی وڵاتەکەدا؟، هەرچەندە ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە. هەروەها دەوڵەت و لایەنگەلێك هەن خوازیاری ئەوەن کورد و شیعە و سوننەکان بکەنە پاشکۆی خۆیان، کە بە تیڕوانینی من بێ ئەوەی عێراق بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەرکارکردن بۆ هێنانەدی ئایندەیەکی هاوبەش ناتوانن بەسەر ئەم مەترسیانەدا زاڵبن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئێمە هەموومان نەهامەتی و ئازارەکانی خەڵکی عێراقمان لەبەرچاوە، ئومێدی ئەوەش دەخوازین کە ڕەوتی ڕووداوەکان بەو شێوەیە نەبونایە، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە لە ئێستادا ئەمەریکا درك بە گرنگی و بەهێزی عێراق بە کوردستانیشەوە دەکات و ئەگەر ئێمە ڕابردوو لەبەرچاوبگرین، بە تایبەتی بۆ ئەوەی خۆمان لە دووبارەکردنەوەی هەڵە و کارەساتەکان لابدەین، ئەوا سنورێك بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونەکانمان نامێنێت. هەروەها من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە خەڵکانێك هەن لە ئەمەریکادا بایەخێکی قووڵ بە ڕووداوەکانی عێراق دەدەن و ئومێدەی خۆشبەختی و گەشەکردنیان بۆ دەخوازن.

**لەو باوەڕدام خەڵکی عێراق زیاتر ئامادەن و توانایەکی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی ئەرکی حکومڕانێتیکردنی وڵاتەکەیان بگرنەئەستۆ، بەو پێیە دەتوانن زیاتر کۆنتڕۆڵی چارەنووسی خۆیان بکەن**

**چۆن دەتوانین عێراق بەرەو گەشەکردن و سەقامگیری ببەین، بێ ئەوەی تێکڕای پێکهاتە و توخمەکانی وڵاتەکەی بەشداربن لە ئەرکی دووبارە بنیاتنانەوەی وڵاتەکەدا؟**

## پاوڵ هاگوز بۆ گوڵان:

# عێراق پێویستیە بەوەیە لایەنە جیاوازەکان لەچوارچێوەی سەروەری یاسادا پێکەوە کاربکەن، بە پێچەوانەوە عێراق دەبێتە وڵاتێکی ناسەقامگیر و توندوتیژی

**پرۆفیسۆر پاول هاگۆز یەکێکە لەگەورە توێژەرانی ئامۆژگای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی(USIP) بەڕێوەبەری دیراساتی ڕێگرتن لە تەنگژەکان و بەڕێوەبردنی تەنگژەکانەو پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر تەنگژەکانی عێراق و چۆنیەتی چارەسەر کردنیان، بۆ سەبارەت بە تەنگژەکانی عێراق و چۆنیەتی چارەسەر کردنیان پرۆفیسۆر هاگۆز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** عێراق ئەو وڵاتەیە لە کێشە و گرفت رزگاری نەبووە و پێناچێت وا بەئاسانیش بگاتە چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی بەئاشتی و ئارامی پێکەوە بژین، بەڵام لەهەمانکاتدا زۆر چاودێر ساڵی دادی بەساڵی گۆڕانکاری دادەنێن، ئایا بەڕای تۆ جیاوازی ساڵی دادێ لەساڵەکانی دیکە چی دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا کێشەکانی عێراق کێشەگەلێکی ئاڵۆزن و ئەگەری ئەوە هەیە سەربکێشن بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عێراقییەکان هەوڵی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکانیان دەدەن بە شێوەیەکی ئاشتیانە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە سەرە کوردەکان و بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە، من هیوادارم بتوانن بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەریان بکەن و ڕێگە نەدەن جارێکی دیکە توندوتیژی سەرهەڵبداتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە سەرکەوتنەوە هەبێت، من پێم وایە ئەم مەسەلەیە ناگەڕێتەوە بۆ بڕیاری ئەمەریکا، بەڵکو دەبێت خودی عێراقییەکان خۆیان بڕیاری سەرکەوتن بدەن لە ڕێی دووبارە بنیاتنانەوەی دامەزراوە دیموکراسییەکان و بنیاتنانەوەی پەیوەندیگەلێکی ئاشتیانە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا، ئەمەریکا تەنها دەتوانێت ڕاوێژکاری و یارمەتی پێشکەشی عێراقییەکان بکات. بە تێروانینی من کێشەکانی ساڵی ٢٠١٠ هەمان کێشەکانی ساڵی ٢٠٠٩ دەبن و تەنها جیاوازییەك ئەوەیە لەم ساڵەدا هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان ئەنجام دەدرێن کە گرنگن بۆ ئایندەی وڵاتەکە و من هیوادارم خەڵکی عێراق لەسەر بنەمای خێڵەکی و تائیفی دەنگ بە پاڵێوراوەکان نەدەن، بەڵکو بەپێی ئەو بەرنامەیەی هەیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان متمانەیان پێبدەن.

*** ساڵی دادێ ساڵی خۆ ئامادەکردنی ئەمەریکا دەبێت بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەعێراق. ئایا بەڕای تۆ تاچەند کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کاریگەری لەسەر هاوکێشەی سیاسیی عێراق دەبێت؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پابەندە بە کشاندنەوەی هێزە جەنگاوەرەکانی لە کۆتای مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٠ و کشاندنەوەی بەشەکانی دیکەی سوپاکەی لە ساڵی ٢٠١١دا، لەبەر ئەوەی سوپا و هێزە چەکدارەکانی عێراق بەهێزبوونە و دەتوانن بەرگری لە وڵاتەکە بکەن دژی چالاکییە یاخیگەرییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئەمەریکا بەشێك لە هێزەکانی دەهێڵێتەوە کە ئەرکی پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری و مەشق و ڕاهێنانی هێزە عێراقییەکانیان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی بەرگری لە وڵاتەکە بکەن دژی هەڕەشە دەرەکییەکان. ئەمە ئەرکی ئەمەریکییەکانەوەو ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێت عێراقییەکان خۆیان بڕیاری لە بارەوە بدەن، مەبەستم ئەوەیە ئایا بڕیاری ئەوە دەدەن کۆمەڵگەیەك بنیات بنێنەوە کە لە سەر بناغەی بنەما دیموکراتییەکان کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات و یاسا سەروەربێت تێیدا.

*** ئەمساڵ وەك بەڕێزیشت ئاماژەت پێکرد هەڵبژاردنێکی گرنگ و چارەنووسساز لە عێراقدا ئەنجام دەدرێت، ئایا تاچەند ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی ئاییندەی ئیدارەی ئەمەریکی لە عێراقدا دەبێت؟**

- هەرگیز هەڵبژاردنەکان نابنەهۆی چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەکان، بەڵکو هەڵبژاردنەکان تەنها بەشێکن لە چارەسەر، چونکە دەبێت ئەو کەسانەی لە پەرلەماندان پێکەوەکاربکەن و ئامادەی سازشکردن بن و بیرۆکەی نوێ بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لە ڕاستیدا دیموکراسی تەنها لە ئەنجامدانی هەڵبژاردندا کورتنابێتەوە، بەڵکو دیموکراسی پرۆسەیە و دیموکراسیش بە مانای نەبوونی کێشە نایەت، هەروەها ئەگەر پێمان وابێت بە تەنها چارەسەرێکی دیاریکراو لە ئارادایە بۆ تێکڕای کێشەکانی عێراق، ئەوا بە هەڵەداچووینە. ئەوەی عێراق پێویستیەتی ئەوەیە لایەنە جیاوازەکان ئامادەبن لە چوارچێوەی سەروەری یاسادا

پێکەوەکاربکەن، واتە دەبێت ئیرادەی پێکەوەکارکردنتان هەبێت، بە پێچەوانەوە عێراق دەبێتە وڵاتێکی ناسەقامگیر و توندوتیژی باڵی بەسەردا دەکێشێت، کە ئەمەش نە لە بەرژەوەندی کوردەکان و نە لەبەرژەوەندی عەرەبەکانی عێراقدایە، واتە ئێوە پێویستتان بەو خەڵکانە هەیە کە ئامادەن پێکەوەکاربکەن و پێکەوە گفتوگۆ بکەن، حاڵی حازر ئەم کەسانە لە عێراقدا بونیان هەیە، بەڵام دەبێت لە لایەن خەڵکەوە دەنگیان پێدرێت و هەڵبژێردرێن بۆ ئەوەی بگەنە پەرلەمان. کەواتە ئەمەریکا ناتوانێت کێشەکانی عێراق چارەسەربکات، کێشەکانی عێراق تەنها بە عێراقییەکان چارەسەر دەکرێن.

*** بەڵام ئەم ئامادەباشییە بۆ پێکەوە کارکردن و پێکەوەژیانەی بەرێزت ئاماژەی پێدەکەین لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا لاوازە، بەڕای تۆ ئەم لاوازییە بەرەو ئەوە ناچێت توندوتیژی سەرهەڵبداتەوە؟**

- هێشتا پرۆسە سیاسییەکە هەرسی نەهێناوە، بگرە ئێمە لە بەردەم هەڵبژاردنی مانگی ئازاردایین، ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە کێشەکانی عێراق چارەسەرناکرێن، ئەوا لە ڕێی هەڵبژاردن و دەنگدانەوە متمانە لەو کەسانە وەرگرنەوە کە ناتوانن یان نایانەوێت کێشەکانی وڵاتەکە چارەسەربکەن، دیموکراسی بەم شێوەیە کاردەکات، ئەگەر کەسانێک توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکەی نەبێت لە پەرلەمان و لە حکومەت دووردەخرێنەوە. لە ڕاستیدا هەڵبژاردنەکان دەرفەتێکی میسالی دەبن بۆ عێراقییەکان بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەن و ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە توانا و ئیرادەی چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە. لە لایەکی دیکەوە لە دەستوری عێراقیدا بە ڕوونی ئیعتیراف بەبوونی هەرێمی کوردستان کراوە، من هیچ هەوڵێک بەدی ناکەم بۆ گۆڕین و هەموارکردنی دەستور بۆ زەوتکردنی ئۆتۆنۆمی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها سەرۆک کۆماری وڵاتەکەش کەسێکی کوردە، بە هەمان شێوە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی یاساکان پەسەندبکرێن، دەبێت ڕەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری لەسەربێت و من باوەڕم وانییە تاڵەبانی ڕازی بێت بە زەوتکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستان.

*** بە پێی هەندێ لە سەرچاوەکانی هەواڵ شاندێکی پەرلەمانی عێراق سەردانی سوریایان کردووە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی پێشوی حزبی بەعسدا، لێرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێت ئایا ئەگەر ئەمەریکا بە نیازی گەڕاندنەوەی بەعسییەکانە بۆ سەر دەسەڵات بۆچی لەسەرەتادا هەڵسا بە ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس؟**

- لە ڕاستیدا لە دەستوری عێراقیدا ئەوە لە حزبی بەعس قەدەغەکراوە کە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و بەشداری لە حکومەتدا بکات، دواتر ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت عێراقییەکان بڕیاری لەبارەوە بدەن، ئەمەریکا ناتوانێت بەعسییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ سەر دەسەڵات، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا حکومڕانێتی عێراق ناکات، عێراقییەکان خۆیان حکومڕانێتی خۆیان دەکەن، هەر دەبێت ئەوان ڕێگری لە گەڕانەوەی بەعسییەکان بکەن، دواتر دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە هەموو بەعسییەکان کەسانێکی خراپ نەبوون، چونکە کەسانێك هەبوون ناچاربوون ببنە بەعسی بۆ ئەوەی بتوانن مومارەسەی میهنەکەی خۆیان بکەن، بۆ نموونە ببنە مامۆستای قوتابخانە.

*** بەڵام هەمیشە باس لەوە دەکرێت لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کوردەکان بێ هاوپەیمانێتی دەمێننەوە، ئایا تا چ رادەیەك ئەمەریکا ئامادەیە پشتگیری لە کوردستان بکات لە دوای کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا؟**

- ئێمە دەبێت واقیعەکە لەبەرچاوبگرین و ڕێگاچارەی بەردەم کوردەکان هەڵسەنگێنین، ئایا کوردەکان دەتوانن جیاببنەوە و جاری سەربەخۆیی بدەن، کە لێرەدا نەك تەنها ڕوبەڕووی بەغدا، بەڵکو ڕوبەڕووی ئەنقەرە و تەهرانیش دەبنەوە، لەبەر ئەوە پێم وانییە ئەمە ڕێگاچارەیەکی لۆجیکی بێت.

*** بەڵام مالیکی ئامادەنییە کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور بکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەم ماددەیە دەبێت جێبەجێ بکرێت، ئەوەندەی من ئاگادارم لیژنەیەك بۆ جێبەجێکردنی پێکهێنرا، بەڵام من ئاگاداری ئەوەنیم تا ئێستا ئەم لیژنەیە چی کردووە، بەڵام لێرەدا ئەوە دوویات دەکەمەوە، ڕێگاچارەی جیابونەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆی لە بەردەم کوردەکاندا ڕێگاچارەیەکی واقیعی و گونجاو نییە. لەبەر ئەوەی کارێکی لەم چەشنە هەڕەشە لە یەکپارچەیی وڵاتانی دیکەش دەکات جگە لە عێراق و ئەمەش ناچاریان دەکات کاردانەوەیان هەبێت. کوردەکان لە عێراقدا لە پێگەیەکی باشدان و دەسەڵاتیان هەیە و هەندێ جاریش کە دژی کورد لێدوان دەدرێن، دەبێت بە ئاسایی وەربگیرێن، لەبەر ئەوەی ئەوە سروشتی دیموکراسییە. کەواتە ڕاسپاردەی من ئەوەیە لە چوارچێوەی دەستوردا کاربکەن، لە چوارچێوەی سەروەری یاسادا و ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە دەتوانن کێشەکانی عێراق چارەسەربکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر کێشەکانی عێراق چارەسەرکران، ئەوا ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکان.

*** چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیدا هەن، ئایا تا چ رادەیەك چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە ئایندەی وڵاتەکە دەخاتە مەترسییەوە؟**

- ئەمە یەکێکە لە تەحەدداکانی پیادەکردنی دیموکراسی، ئەمە یەکێکە لە هەقیقەت و واقیعەکانی دیموکراسی، لەبەر ئەوەی هەمیشە گرژی لە نێوان هەولێر و بەغدا لە ئارادایێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوەنییە ئەو کێشانەی بوونەتەسەرچاوەی گرژییەکە ناتوانرێت چارەسەربکرێن. ڕاستە چەندین کێشە هەن کە دەبێت چارەسەربکرێن کە زۆرێك لەو کێشانە بەهۆی ڕژێمی سەددام حوسێنەوە دروستبوونە، ئەمەش کاتێکی زۆری دەوێت بۆ چارەسەرکردنیان، بەڵام هەر دەبێت کورد و عەرەبەکان فێری پێکەوە ژیان بن لە عێراقدا.

*** چۆن هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی داهاتووی عێراق نەخشەی سیاسی وڵاتەکە دەگۆڕن و ئایا دوای ئەم هەڵبژاردنانە ئەمەریکا بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ عێراقدا دەکات؟**

- من ناتوانم پێشبینی ئەنجامەکانی بکەم، بەڵام تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ئەمەریکا ڕێز لە حکومەتی عێراقی دەگرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و لە ڕاستیدا من پێشبینی ئایندەیەکی خراپ بۆ عێراق ناکەم، تەنها ئەگەر ڕووداوێك ڕوبدات ببێتەهۆی لەناوبردنی ئەم دەسەڵات و دامەزراوانەی ئێستا، وەك ڕوودانی کودەتای سەربازی کە هیوادارم خەڵکی عێراق ڕێگەی پێنەدات و کەسانێکی ژێر حکومڕانی ئەو وڵاتە بکەن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی من بۆ کوردەکان ئەوەیە ئارامگرین و کار و کۆششی سەخت بکەن بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی هەم لە کوردستان و هەم لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا.

**هەرگیز هەڵبژاردنەکان نابنەهۆی چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەکان، بەڵکو هەڵبژاردنەکان تەنها بەشێکن لە چارەسەر**

**ئەمەریکا ناتوانێت کێشەکانی عێراق چارەسەربکات، کێشەکانی عێراق تەنها بە عێراقییەکان چارەسەر دەکرێن**

# ئێستا کورد دۆستی ئەمەریکایە و پێموایە ئەمەریکاش دۆستەکانی خۆی لەبیر ناکات

**پرۆفیسۆر ولیام باوچەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نۆرس کارۆليناو پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و نوسەری کتێبی (سەرکەوتن و شکستەکانی عێراق لە رای گشیدا)،ئەمە بێجگە لە چەندین وتار و نووسینی دیکە کە لەسەر عێراق بڵاوی کردۆتەوەو بۆقسەکردن لەسەر گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی عێراق پرۆفیسۆر باوچەر بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**



*** ئایا تاچ ڕاددەیەك لەساڵی ٢٠١٠ دا سیاسەت و پێگەی ئەمەریکا لە عێراقدا دیاری دەکرێت؟**

- من پێم وایە ساڵی ٢٠١٠ ساڵێکی گرنگە دەبێت لەبەر ئەوەی ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئایا بە چ ڕەوتێکی خێرا هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکشێنەوە و ژمارەی ئەو هێزانەی لەو وڵاتەدا دەمێننەوە چەندن، واتە ئەم ساڵە نیشاندەر و ئاماژەیەك دەبێت بۆ خوێندنەوەی ئایندەی وڵاتەکە. ئەوەی پەیوەندی بە سەرکەوتنی ئەمەریکاوە هەبێت لە عێراقدا، ئەوا ڕەنگە ئەنجامدانی ئەم هەڵسەنگاندنە پێویستی بە ٥ بۆ ١٠ تا ١٥ ساڵ هەبێت بۆ ئەوەی حوکمی سەرکەوتن یان شکست بەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بدەین. هەروەها پێموایە گەورەترین گۆڕانکاری لەم ساڵەدا ئەوەیە ئیدارەی ئەمەریکا و ڕای گشتی زیاتر تەرکیزیان لەسەر ئەفغانستانە و لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانی ئەمەریکادا کەمتر تەغتیەی هەواڵەکانی عێراق دەکرێت، لەبەر ئەوە لە ڕوانگەی ئۆباماوە عێراق کتێبێکی داخراوە و هەوڵدەدات کەمترین ئامادەبوونی سەربازی کە مومکین بێت لە عێراقدا هەبێت.

> لە ڕوانگەی ئۆباماوە عێراق کتێبێکی داخراوە و هەوڵدەدات کەمترین ئامادەبوونی سەربازی کە مومکین بێت لە عێراقدا هەبێت

*** ئایا بۆچی ئەمەریکا سەرەتا بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکان ناکاتەوە و دواتر پشتگیری لە هەڵبژاردنەکان بکات؟**

- ئەوە ڕاستە کە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا هەموو کۆششێك دەکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە سەرکەوتویی کۆتاییان بێت و هەمان سیناریۆی ئەفغانستان دووبارە نەبێتەوە لە پەیوەندیدا بە ڕوودانی ساختەکارییەکی بەربڵاوەوە، یاخود هەڵبژاردنەکان ببنەهۆی ڕوودانی ناکۆکیی ئیتنی و تائیفی، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ هەڵبژاردنێك بە یەکجاری کێشەکانی عێراق چارەسەرناکات و ئەمە پرۆسەیەکە و لە بەرەوپێشچووندایە و پێویستی بە چەندین ساڵ هەیە بۆ ئەوەی عێراقییەکان ئایندەی وڵاتی خۆیان و جۆری ئەو دیموکراسیەی پیادەی دەکەن دیاری بکەن.

*** گەیشتنی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە ڕێککەوتن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە کارێکی سەختە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات، ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە هەرەسبهێنێت؟**

- ئێمە هیواداریین ئەم پرۆسەیە هەرەس نەهێنێت، من پێم وایە ئیدارەی ئۆباما خوازیارە عێراقییەکان خۆیان بڕیار لە ئایندەی سیاسی خۆیان بدەن و کار بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە بکەن، ئێمە دەزانین لە ئەمەریکاشدا لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەو وڵاتەوە نزیکەی ٢٠ بۆ ٣٠ تەنانەت ٤٠ ساڵی خایاند تاوەکو دیموکراسی لەو وڵاتەدا هەنگاوی بەرەو چەسپاندن و پتەوبوون هەڵگرت، هەروەها نزیکەی ١٠٠ ساڵی خایاند بۆ ئەوەی بە تەواوەتی ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی و شەڕی ناوخۆی تێپەڕێنین و جیاوازییەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەربکرێن. لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەمە پرۆسەیەکی دورودرێژە، بەڵام ئەگەر پرۆسەکەش شکست بهێنێت ئەوا ئەمەریکا هەوڵدەدات شەڕ و ناکۆکییەی ئیتنی و تائیفی بەربڵاو ڕوونەدات و ڕەنگە زیاتر بایەخ بە هاوپەیمانە کوردەکانی بدات و هەوڵی ڕێگەگرتن لە ڕوودانی خوێنرێژییەکی بەربڵاو بدات.

*** بەپێی هەندێ لەسەرچاوەکانی هەواڵ شاندێکی پەرلەمانی عێراق سەردانی سوریایان کردووە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجامدانی پێشوی حزبی بەعسدا، لێرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێت ئایا ئەگەر ئەمەریکا بە نیازی گەڕاندنەوەی بەعسیەکانە بۆ سەر دەسەڵات بۆچی لەسەرەتدا هەڵسا بە ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە و ئەگەر ئێمە



لە ئەزمونی جەنگی جیهانی دووەم بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە نازییەکانەوە هەبێت، یاخود لە ئەزموونی بەلقانی سالانی نەوەتەکان بڕوانین، ئەوا پێویستە بۆ پتەوکردن و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی کار لەگەڵ کەسانێکی دیاری کراودا بکەین، مەبەستم ئەوەیە دەبێت بۆ ئەمە مەبەستەش لە عێراقدا دووبارە هەندێ لە کۆنە بەعسییەکان بهێنینەوە ناو پرۆسەکە بۆ چەسپاندنی ئاشتەوایی نیشتمانی لە وڵاتەکەدا.

*** ئایا کوردەکان چۆن دەتوانن لە عێراقێکدا بژین ئەمە هەڵوێستی بەشەکەی دیکەی وڵاتەکەبێت لەگەڵیاندا؟**

- دەبێت خەڵکی کوردستان و سەرکردە کوردەکان ئەو بڕیارە بدەن ئایا وەك بەشێك لە عێراقدا دەمێننەوە یان نا، کە من پێم وایە بەرژەوەندییان لەوەدایە لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بمێننەوە، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دەرئەنجام و ناکۆکییانەی لە بڕیاری جیابونەوە- بێ پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- دەکەونەوە، هەرچەندە مانەوەش لە چوارچێوەی عێراقدا پرۆسەیەکی ئاسان و کورتخایەن نییە کە دەبێت لەم ڕووەوە چەندین کێشەی سەختی نێوان هەردوولا چارەسەربکرێن، وەك دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، لەم ڕووەوە ڕاسپاردەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەیە جۆرێك لە دیموکراسیەتی تەوافوقی لە عێراقدا پیادە بکرێت، بۆ ئەوەی زۆرینە ئیرادەی خۆی بەسەر کەمینەدا نەسەپێنێت، بە پێچەوانەوە عێراق بەرەو دابەشبوون دەچێت.

*** هەمیشە سەرۆك وەزیرانی عێراق باس لەوە دەکات لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کوردەکان بێ هاوپەیمانێتی دەمێننەوە، ئەمەش بەو جۆرە لێکدەدرێتەوە کە مالیکی نیازی زیانگەیاندنی بە سەقامگیری و دەستکەوتەکانی کوردستان هەیە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا ئامادەیە پشتگیری لە کوردستان بکات لە دوای کشاندنەوەی هێزەکانی بۆ ڕوبەڕبوونەوەی ئەم هەڕەشانەی سەرۆك وەزیرانی عێراقی؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاوبێت لەم پرۆسەیەدا سەرکردە سیاسییەکان هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیان دەدەن و ڕەنگە مالیکیش ئەم لێدوانانەی بۆ باشترکردنی پێگەی خۆی لە ناو لایەنگرانیدا دابێت، بەڵام من پێم وانییە ئەمەریکا دەست لە کوردەکان هەڵدەگرێت و لە ڕاستیدا ئەمەریکا ڕێژەیەکی دیاریکراوی هێزەکان لە عێراقدا دەهێڵێتەوە و من باوەڕم وانییە ئەمەریکا بیەوێت عەرەبەکانی عێراق بە شیعە و سوننەوە باڵادەستبن بەسەر کوردەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ڕێگە بە کارێکی لەم چەشنە نادات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا خوازیاری ئەوەنییە کوردەکان جیاببنەوە و سەربەخۆی ڕابگەیەنن.

*** ئایا وەك خەڵکی کوردستان دەپرسن هیچ زەمانەتێك هەیە لە لایەن ئەمەریکا بۆ پشتگیری کردنی کوردستان؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە زەمانەتی پاراستنی سەقامگیری کوردستانیشەوە هەبێت، ئەوا من پێم وایە دەبێت کوردەکان بگەونە گفتوگۆوە لەگەڵ ئیدارەی ئۆبامادا بۆ بەدەستهێنانی زەمانەتی ئاشکرا یان نهێنی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کوردەکان.

*** بەڵام چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیدا هەن، ئایا تا چ ڕادەیەك چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە ئایندەی وڵاتەکە دەخاتە مەترسییەوە؟**

- لەڕاستیدا هەر ئەمەش هۆکاری گرنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردنانەکانەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە دەربکەوێت ئایا ئەمە دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دەبێتە هەنگاوێك بۆ پتەوکردنی دیموکراسی لە وڵاتەکەدا یان نا، بەڵام من پێم وایە ئەگەر عێراقییەکان نەگەنە ڕێککەوتنێك لە بارەی ئایندەی وڵاتەکەیانەوە ئەوا ئەمەریکا ناتوانێت کاریگەرییەکی زۆری هەبێت لە عێراقدا.

*** چۆن هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی داهاتووی عێراق نەخشەی سیاسی وڵاتەکە دەگۆڕن، ئایا دوای ئەم هەڵبژاردنانە ئەمەریکا بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ عێراقدا دەکات؟**

- من خوازیاری ئەوەنیم پێشبینی دەرئەنجامەکانی بکەم، بەڵام پێم وایە سەرەڕای کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەوا ئەمەریکا ڕۆڵ و چالاکی دەبێت لەو وڵاتەدا و لە ئاستێکی دیاریکراودا بەرژەوەندی ئەمەریکا لەوەدایە دەرفەت بۆ عێراقییەکان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە بارەی ئایندەی وڵاتەکەیانەوە بکەن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هەر تەنها ئەوەندە دەڵێم کە کەم تا زۆر ئەمەریکا لە سالانی نەوەتەکان و لە دوای جەنگی کەنداوی یەکەمەوە پشتگیری لەبەرژەوەندی کوردەکان کردووە و سەرەڕای ئالوگۆڕی ئاراستەی ڕای گشتی ئەمەریکا و سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە من پێم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دۆستەکانی خۆی لە بیرناکات.

**ڕاسپاردەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەیە جۆرێک لە دیموکراسیەتی تەوافوقی لە عێراقدا پیادە بکرێت، بۆ ئەوەی زۆرینە ئیرادەی خۆی بەسەر کەمینەدا نەسەپێنێت، بە پێچەوانەوە عێراق بەرەو دابەشبوون دەچێت**

# کورد لە نێوان شیعەو سوننەی عەرەب لە عێراقدا



**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

عێراق دەوڵەتێکە، هەر لە دامەزرانییەوە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو، لە سەر سێ کۆڵەگەی گەورە راوەستێنراوە: کوردو شیعەو عەرەبی سوننە. جۆری پەیوەندی و سروشتی رووداوەکانی نێوان ئەو سێ پێکهاتەیە گەورەترین میکانیزمی تۆمار کردنی مێژووی هاوچەرخی عێراق بووە. لە دوای رووخانی رژێمی پێشوو، دەوڵەت لە عێراقدا گۆڕانێکی بنەڕەتی تێك کەوت. هۆکارە هەرە گرنگەکە سەر لە نوێ دارِژانەوەی پەیوەندی و رووداوەکانی نێوان ئەو سێ پێکهاتەیە بوو.

راستە، پێکهاتەی شیعە زۆرینەی دانیشتووانی عێراق پێك دەهێنن بەو پێیەی نزیکەی پەنجاو پێنج لە سەدی خەڵکانی عێراق شیعە مەزهەبن و سەر بە رێچکەی دوانزە ئیمامین. ئینجا بەردەوام، چ لە کاتی عوسمانییەکان و چ پاشتر لە سەردەمی دەوڵەتی تازەی عێراقدا، شیعە هەمیشە زوڵم لێ کراو بوون. هەروەها راستە، سوننەی عەرەب هەر لە سەرەتاوە فەرمانڕەوایەتیی عێراقییان بە دەستەوە بووەو هەمیشە دەسەڵات و سەروەتی ئەو وڵاتەیان لەلا بووەو بگرە فەرمانڕەواکانیان، کە دواترینیان صدام حسین بوو، زوڵمی زۆریان لە پێکهاتەکانی دیکەی وەکو کورد و شیعە کردووە.

لە پاڵ ئەو راستییانە، ئەوەش راستە کە هیچ کاتێك بۆ کورد ئەوە باش نەبووە یەك لەو دوو پێکهاتەیە خاوەنی دەسەڵاتی رەها بێت لە سەر حیسابی پێکهاتەکەی دیکە. بگرە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان کورد هەمیشە لەوەدا خۆی نواندووە کە لە عێراقی نوێ دا پارسەنگی هێز لە نێوان دوو پێکهاتە مەزهەبیەکەی عێراق پارێزراو بێت. هەر تێکچوونێکی پارسەنگی موعادەلەکە کوردی خستۆتە ناو تەنگژەیەکی گەورەوە. لە ماوەی هەشتا ساڵی رابردوودا، یەك لە هۆکارە گەورەکانی زوڵم کردن لە کورد ئەوە بووە کە فەرمانڕەوایەتیی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە عێراقدا تەنیا بە دەست سوننەی عەرەبەوە بووە. لەو سۆنگەیەوە، لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا، هەر کاتێك حکومەتی بەغدا شەڕێکی بێ ئامانی لە دژی کورد بەرپا کردبێت، شیعەی سیاسی نەیانتوانیوە وەکو پێویست بە هانای کوردەوە بێت. هۆکاری ئەو نەتوانینەش ئەوە بووە کە ئەوانیش وەکو کورد لە چەوسانەوەدا بوون و هێزی ئەوەیان نەبووە رێگە لە شەڕی بەغدا بگرن بەرامبەر بە کورد. هەر کاتێکیش بڕیاریان دا بێت بەشداری لە کوشت و بڕی کورد نەکەن، وەك ئەو فەتوا گرنگەی خوا لێخۆشبوو سەیید موحسین ئەلحەکیم لە ساڵی ١٩٦٤ دای، بەشداری نەکردنەکە زۆر کاریگەری نەبووە. بگرە، سوپای عێراق کە داردەستەی شەڕەکە بووە لە زۆرینەی شیعە پێك هاتووە. هۆیەکەش لێرەدا ئەوە بووە کە شیعە خاوەنی پێکهاتەیەکی سیاسیی لاواز بوونەو چ بڕ تەئسیری کاریگەرییان بەسەر بڕیارە سیاسییەکانەوە نەبووە لە عێراقدا.

رووخانی رژێمی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٣، دەرگایەکی گەورەی بەسەر دوارۆژێکی تازە کردەوە، بە تایبەتی لە مەیدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەر سێ پێکهاتە ناوەخۆییەکەی عێراق. ئێستا، دوای نزیکەی حەوت ساڵ بەسەر ئەو رووخانە، خەریکە موعادەلەکەی سەردەمی پێشوو سەر لە نوێ دروست دەبێتەوە. خەریکە لە جیاتی پێکهاتەی سوننەی عەرەب، شیعە فەرمانڕەوایەتی دەگرێتە دەست. راستە کورد مەوجودیەتێکی گرنگی لە ناو فەرمانڕەوایەتییە تازەکەی عێراق هەیە. راستە، بەشێك لە سوننەی عەرەبیش ئامادەگیان لە ناو پڕۆسەی سیاسیدا هەیە. بەڵام، گێچی رووداوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە شیعەی سیاسی بە دەستییەوەیەتی هەم رۆڵی کورد لە ناو پڕۆسەی سیاسیدا بچووك بکاتەوەو هەم رۆڵی سوننەی عەرەبیش کەمتر بکاتەوە. بەڵێ، کاتێك تەوژمی دوژمنایەتی کردنی کورد لەناو عێراقی تازەدا تاو دەستێنێت، نوێنەرانی شیعەی سیاسی، بە تایبەتی هێزو حزب و تەوژمە سیاسییەکانیان دەکەونە پشی پشی کردن بۆ هێزە سیاسییەکانی سوننەی عەرەب. بەڵام مەعلوومە کە هۆکاری گەورەی ئەو پشی پشی کردنە راکێشانی ئەو پێکهاتەیە بۆ ناو پانتایی دوژمنایەتی کردنی کورد. بەڵام لەوە راستتر ئەوەیە کە لە ناو بەغدادا هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی عێراق بەرەو تاکڕەوێتی ببردرێت جا چ تاکڕەوێتی مەزهەبی و چ تاکڕەوێتی

ئیتنی و نەتەوەیی. سەردەمانی پێشوو تاکڕەوێتییەکە لە لای سوننەی عەرەب بوو. ئێستا خەریکە دەکەوێتە دەست شیعەی سیاسی.

لەو ناوەندەدا، پرسیاری گرنگ و ستراتیژی بۆ کورد ئەوەیە: کە ئایا کورد چۆن نەخشەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو دوو پێکهاتەیەدا دادەڕێژێت؟ ئایا بۆ کورد کامیان باشترە: ئەوە باشترە کە فەرمانڕەوایەتی عێراق، یاخود هەر نەبێت بەشە گرنگەکەی ئەو فەرمانڕەوایەتییە، بە دەست شیعەوە بێت، یان بە دەست سوننەی عەرەبەوە؟ ئەی ئەوە نییە، لە ناو کورددا بۆچوونێکی ئەوتۆ هەیە کە پێی وایە، سوننەی عەرەب دوژمنایەتییە سیاسییەکەی خۆیان بۆ کوردو شیعە، لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، زۆر بە ڕوونی نواندو ئیتر شەراکەت لە مێژووی چەوسانەوەدا ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی کوردو شیعە هاوپەیمانێتییەکی توندو بەهێزو کاریگەریان لەنێوان دا هەبێت؟ ئینجا، ئەوە نییە شیعەی سیاسی لە ڕووی هاوسۆزییەوە لەگەڵ جیهانی عەرەبی و بزووتنەوەی عەرەبایەتی زۆر لەسەرەخۆترە لە سوننەی عەرەب؟ باشە، ناکرێت هاوسۆزی مێژووییەکەی نێوان شیعەو کورد ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی مۆرکی عەرەبایەتی لە دەوڵەتی عێراق ڕامالرێت یان هەر نەبێت کاڵ بکرێتەوە؟ هەموو ئەمانە پرسیاری بەجێن. بەڵام هەلومەرجی ناو عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لەو پرسیارانە ئاڵۆزتر زەحمەترو دژوارترە.

بە هەر حاڵ، لە قازانجی کورد نییە خۆی بخاتە، یان بخرێتە ناو گۆماوی دوژمنایەتییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەر کام لەم دوو پێکهاتەیە. بگرە قازانجە گەورەکەی لەوەدایە دەست لە دەست لەگەڵ هەر دوو پێکهاتەکە باز بدرێت بەسەر مێژووی خەم و خەفەت و چەوسانەوەو ئازار، ئینجا هەنگاوی هاوبەش بنرێت بۆ دامەزراندنی دیموکراسی لە عێراقی تازەدا. ڕێگری گەورە لەو نێوانەدا ئەوەیە کە ئەم بڕیارە تەنیا لە دەست ناوەندی کوردی نییە. کاتێك هەر دوو پێکهاتەکە، یان هەر نەبێت یەکێکیان، بەو دەست لە دەستیە ڕازی نابن، ئەوا ئیتر کورد لە غەیری داڕشتنی بەرنامەی خۆی، لە بواری پەیوەندی لەگەڵ مۆزائیکی ناوخۆی عێراق بەولاتر هیچی دیکەی لە پێش نامێنێتەوە. جا شتی گرنگیش لەو نێوانەدا ئەوەیە کە دوو پێکهاتەکە، وا نەبێت تەنیا لە بەرامبەر کورددا خاوەنی هەڵوێستی ناجۆر بن، بگرە بەرامبەر بە یەکتریش خاوەنی هەڵوێستی ناجۆرن. ئەم هەڵوێست ناجۆرییە وایکرد بۆ ماوەی دوو ساڵ، بگرە تا ئێستاشی لەگەڵ دا بێت، توندوتیژییەکی مەزهەبگەرایی ڕەش لە نێوانیاندا بتەقێتەوە.

دیسانەوە دێمەوە سەر ئەوەی بڵێم چاکترین نەخشەی پەیوەندی بۆ کورد ئەوەیە لە یەك مەسافە لە هەر دوو پێکهاتەکە ڕابوەستێت. هێلکەکانی خۆی نەخاتە سەبەتەی هیچ کامێکیان بە تەنیا. ساغ بوونەوەی دەوڵەتی عێراق بە قازانجی فەرمانڕەوایەتی هیچ کام لەو دوو پێکهاتەیە بە تەنیا لە قازانجی کورد نییە. بگرە بۆ کورد ئەوە باشترە هەر دوو پێکهاتەکە تەوازوون و پارسەنگیان لە نێواندا بپارێزرێت. هەر تێکچوونێکی ئەو تەوازن و پارسەنگە دەبێتە هۆی ئەوەی کە عێراق بکەوێتە دەستی دەوڵەتانی عەرەبی ئەگەر دەوڵەت بە لای سوننەدا ساغ بووەوە، یانیش بکەوێتە دەست ئێران ئەگەر دەوڵەتی عێراق بەلای شیعەدا ساغ بووەوە. کوردیش، بگرە بزاڤی دیموکراسیش لە عێراق، وەك مەعلوومە، لە زیان بەولاتر هیچی دیکەی بەش نابێت ئەگەر بە یەك لەم دوو لایەدا دەوڵەتی عێراق ساغ کرایەوە. هەر پابەند بەو مەسەلەیە، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە لە ناو عێراقی تازە، هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی تەوازنی مەزهەبگەرایی لە عێراق بگۆڕدرێت. هەمیشە ئەو لایەنانە، هێما بەوە دەکەن کە پێکهاتەی سوننەی عەرەب مۆڵگەی بەعسیان و نەتەوەپەرستانی عەرەبە. بۆیە، بە ڕای ئەو لایەنانە وا باشترە بۆ کورد خۆی لە سوننەی عەرەب دوور بگرێت و بە لای شیعەی سیاسیدا خۆی بشکێنێتەوە. کورد تا ئێستا ئەمەی نەکردووە. وا باشە لەمەودواش نەیکات بە تایبەتی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق نزیك بۆتەوە.

ڕاستە، لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوو، هێزە سیاسییەکانی ناو سوننەی عەرەب هەرچی دوژمنایەتی بوو بەرامبەر بە کوردو مافە دەستوورییەکانی کردیان، بەڵام لەوەش ڕاستتر ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکانی شیعە، ئەگەرچی لە ناوەندە گرنگەکانی فەرمانڕەوایەتی بوون و هاوپەیمانێتیەکی مێژوویان هەبوو لەگەڵ کورد، بەڵام لەو بەرامبەرەدا ئەوانیش هیچی ئەوتۆیان بۆ کورد نەکرد. بۆیە، هێشتنەوەی پارسەنگی و خۆ دوور گرتن لە هەر هەوڵێك بۆ زیان گەیاندن بەو هەڵوێستە موتەوازنەی کورد بەرامبەر بزاڤی ناوخۆی عێراق یەك لە بابەتە گرنگ و ستراتیژییەکانە بە تایبەتی کە کورد لە دواڕۆژێکی نزیکدا بەرنامەی ئەوەی نییە لە عێراق بچێتە دەرەوە.

هەر دوو پێکهاتە سیاسییەکەی سوننەی عەرەب و شیعەی سیاسی، زەحمەتە لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بە یەك بگەن و کۆك بن لەسەر سروشتە سەرەکییەکەی دەوڵەت و فەرمانڕەوایەتی. بگرە ئەوا خەریکە لە دەوڵەتی وەکو پاکستان و ئەفغانستان و یەمەن و لوبنان و بە یەك ناگەن. جا چۆن لە عێراقێکی تێکەڵ و پێکەڵدا ئەو بە یەك گەیشتنە دروست دەبێت. لەوەش بەولاتر، ڕق و کینەی ئەو مێژووە دێرینەی ڕابردوو بۆ کوێ دەبەن؟. بۆیە، وا چاکە کورد، وەك جاری جاران، لە یەکێتی هەڵوێستی نەتەوەیی و عەرەبی ئەو دوو پێکهاتە نەترسێت. بەڵکو هەوڵ بدات ئەوەندەی بەو دەکرێت، تەوان و هاوتەریبی و پارسەنگ لە نێوان ئەو دوو هێزە بپارێزرێت. ئینجا پارسەنگ هەر تەنیا مانای ئەوە نییە هەر دوو پێکهاتەکە تەبا بن، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی مانای ئەوەیە، هەتا کورد لە ناو عێراقە، هیچ کامیان بە تەنیا نەبێتە خاوەنی دەوڵەتی عێراق.

**یەک لە هۆکارە گەورەکانی زوڵم کردن لە کورد ئەوە بووە کە فەرمانڕەوایەتیی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە عێراقدا تەنیا بە دەست سوننەی عەرەبەوە بووە**

**لە ناو بەغدادا هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی عێراق بەرەو تاکڕەوێتی ببردرێت جا چ تاکڕەوێتی مەزهەبی و چ تاکڕەوێتی ئیتنی و نەتەوەیی**



«خیتابی سیاسیی بەرهەمی ململانێی نێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکانە، ئەو ململانێییەی هۆشیاریمان بەهێز دەکات و ئاستی پێگەیشتوویی فیکریمان زیاتر دەکات، ئەمەیە پێمان دەڵێت دژەکانمان لە بیروبۆچوونەکانماندا یارمەتیدەرمانن»

ئیدمۆند بێرک

# خیتابی سیاسیی نیشتمانی بەرهەم



# ــــى بۆچوونى جياواز و بونيادنەرە

ئیدمۆند بێرک، بوونی دژ بۆ بیروبۆچوونەکانمان بە وەرزشێکی فیکری دەزانێت بۆ ئەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە گەمەی فیکری بکەن، راستە لە میانەی ئەم گەمەیە مێشکمان هیلاک دەبێت، هەروەک چۆن لە وەرزشی ئاساییدا جەستەمان هیلاک دەبێت، بەڵام ئەم هیلاکیە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ماسولکەی فیکریمان بەهێز بێت، هەروەک چۆن لە وەرزشی ئاسایدا ماسولکەی لەشمان بە هێز دەبێت

بایەخ و گرنگی گوتاری سیاسی یەکگرتوو وەك میکانیزمێك بۆ دروستکردنی بریاری سیاسیی یەکلاکەرەوە بەپێی سیستەمی حکومڕانی وڵات دەگۆڕێت، بۆیە کاتێك لەسەر ئەم پرسە گرنگە دەدوێین، پێویستە پێش هەموو شتێك شێوازی حکومرانی وڵات دیاریبکەین و بەپێی شێوازی ئەو حکومڕانیە باس لە گوتاری سیاسیی بکەین، مۆنتیسکۆ لە کتێبی (روحی یاساکاندا) سەبارەت بە پەیوەندی جیاوازی گەلان لەگەڵ شێوازی جیاوازی حکومەتەکانیاندا بە سێ جۆر ئەو پەیوەندییەی دیاریکردووە:

١-لە دەوڵەتی دیکتاتۆریدا، دیکتاتۆرەکان لەسەر حسابی هاوڵاتیانیان دەمێننەوە، ئەمەش واتە دیکتاتۆرەکان هیچ حسابێك بۆ هاوڵاتیانیان ناکەن.

٢- لە دەوڵەتانی پادشاییدا، پادشاکان لەسەر حسابی پاشکۆبوونی هاوڵاتیان پێیانەوە دەمێننەوە، ئەمەش واتە پادشاکان لە دیدی هاوڵاتیاندا پیرۆزن و ئەوان چی بڵێن هاوڵاتیان دوای دەکەون.

٣- بەڵام لە دەوڵەتانی کۆماری ئازاددا (کە سیستەمی ئەم دەوڵەتەیان لە دوانەکەی دیکە ناسکترە) لەسەر حسابی هاندانی هاوڵاتیان بۆ ئەوەی هەست بە ئینتما بکەن دەمێنێتەوەو ئەمەش دەبێتە فەزیلەی هاوڵاتی و لەو تێگەیشتنەدا بەرجەستە دەبێت کە بەرژەوەندی تاك دەبێتە رەنگدانەوەی بەرژەوەندی هاوبەشی کۆمەڵگە و ئەم رەنگدانەوەیەش دەبێتە هەستکردن بە ئینتما بۆ ئەو کۆمەڵگەیە ودروست بوونی بۆندی ئەخلاقی لە نێوان تاك و کۆمەڵگەدا.ئەم پۆلێنکردنەی مۆنتیسکۆ بۆ شیوازی جیاوازی جۆری حکومەت و حکومرانیە جیاوازەکان، لەگەڵ ئەوەی بۆ ئێستا شێوازی دیکەی حکومرانی باشتر هەیە کە ئەویش سیستمی حکومرانی لیبرال دیموکراتیە، بەڵام ئەم شێوازەیان کە ئێمە مەبەستمانە لەسەری بدوێن سیستمی دیموکراتیە کە بەرهەمی پێشکەوتنی کۆماری ئازادە واتە (سیستمی لیبرالیزم).

تۆماس جیفرسۆن کە دارێژەری بریاڕی سەربەربەخۆیی ئەمریکا، ئەمریکا وەك کۆمارێکی ئازاد ناو زەد کردووە و بەمشێوەیە خیتابی سیاسی پێناسە دەکات و دەڵێت: ((خیتابی سیاسیی دڵی بزوێنەری دیموکراتیە و، جیاوازییەکانی ناو سیستەمە دیموکراتیەکان بەرەو هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەمان دەبەن و لێکۆڵینەوەکانیش بەرەو راستی))، ئەم ئاماژەکردنەی جیفرسۆن هەموو میکانیزمەکانی دروستکرنی خیتابی سیاسیی ئاماژە پێکردووە، بەڵام جیمس مادیسۆن کە زیاتر لەم پرۆسەیەی جیفرسۆن قووڵدەبێتەوە و پێناسەیەکی ئاسانتر بەڵام هاندەرتر بۆ رێزگرتن لە جیاوازیەکان لە پێناوی بونیادی خیتابێکی سیاسی یەکگرتوودا دەستنیشاندەکات و دەڵێت: پێویستە بۆ بونیادی خیتابی سیاسیی ئەقلێکی کراوە هەبێت و گرنگی بۆچوونەکانی دیکەش لە بەرچاو بگرێت،لەبەر ئەوەی هەموو ئامانجەکانمان بە گیانی رەخنەو و رەخنە لە خۆگرتن دێنە دی) .

ئەمانە بۆ چوونە ناو باسێکی ئاڵۆزی لەوجۆرە و،هەروەها بۆ دۆزینەوەی تەکنەلۆژیای دروستکردنی گوتاری سیاسیی یەکگرتوو، هەموویان لەسەر ئەو بنەمایانەن،کە رۆژ لە دوای رۆژ پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە، ئاساییە بڵێین بیربۆچوونەکانی جیفرسۆن و مادیسۆن و مۆنتیسکۆ بەرهەمی فیکر و فەلسەفەی سەردەمی خۆیانن، راستە ئەو بنەمایانە گرگن، بەڵام پێشکەوتنەکانی دوای ئەم بنەمایەش گرنگن، ئەمەیە گۆڕانی ریشەیی مانادارتری بەسەر چەمکەکانی (فەزیلەی گەل و ئەقڵی کراوە بۆ لەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوونەکانی دیکە و جیاوازی لە پێناوی دروستبوونی زەمینەیەك بۆ گەڕان بەدوای راستیەکانی گۆڕێوە و چەمکێکی ماناداتری بەرهەمهێناوە ئەویش وەك بیرمەندی جیهانی ئیدمۆند بێرك ئاماژەی پێکردووە ئەوەیە((دژە کانمان لە بیربۆچوونەکانماندا یارمەتیدەرمانن)) بێرك بوونی دژ بۆ بیروبۆچوونەکانمان بە وەرزشێکی فیکری دەزانێت بۆ ئەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە گەمەی فیکری بکەن، راستە لە میانەی ئەم گەمەیە مێشکمان هیلاك دەبێت، هەروەك چۆن لە وەرزشی ئاساییدا جەستەمان هیلاك دەبێت، بەڵام ئەم هیلاکیە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ماسولکەی فیکریمان بەهێز بێت، هەروەك چۆن لە وەرزشی ئاسایدا ماسولکەی لەشمان بە هێز دەبێت، ئەم میتۆدەی بێرك کە لە میانەی جیاوازییە فیکرییەکانەوە ئەو سوودانە دەدۆزێتەوە دەگاتە ئەوەی بڵێت: ((دژەکانمان لە بیرۆبۆچوونەکانماندا یاریدەدەرمانن))، بوونی دژ یان خەسم یان (opponent) بۆ بیروبۆچوونەکانمان راستە جیاوازی و ململانێ دروستدەکات بەڵام ئەگەر بەدیدی بێرك سەیری بکەین ئەو جیاوازیانە یان ئەو کێشمەکێشەی لە میانەی ئەو جیاوازیانە دێنە پێشەوە دەبنە هۆکاری ئیجابی بۆ بونیادی خیتابێکی سیاسیی یەکگرتوو و زەمینە سازی بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی جۆری بەرز (High quality) بێتە ئاراوە، بەڵام ئەگەر دژ یان خەسم یان (opponent) لەسەر بنەمای (Ad-hominem) واتە پڕوپاگەندەی سۆزداری بۆ هەڵخەڵەتاندنی هاوڵاتیان سەیر بکرێت، ئەوا وەك یارمەتیدەر سەیری دژ یان خەسمی سیاسیی ناکرێت، بەڵکو هەوڵەکان بۆ ئەوە دەدرێت ئەوانەی دژی بیروبۆچوونەکانمانن بە بیروبۆچوونی هەڵە و، خۆمان بەراست پیشانبدەین، خۆمان بە باش و دژ یان خەسم بەخراپ، ئەمەش واتە دژ و خەسمەکانمان تەنها هەڵە نین، بەڵکو خراپیشن، (opponent not only wrong but bad) ئەمەش دەبێتە بەڵگەی سەلماندنی ئەو وتە بە ناوبانگەی والتەر ساڤیج کە دەڵێت: هیچ شتێك لەو ئاماژانە راشکانەواتر نیە بۆ بیرتەسکی و گەمژەیی ئەو کەسەی کە دژی ئەو کەسانە رادەوەستێت کە بەشێوازی ئەو بیرناکانەوە) والتەر کە خاوەنی بیردۆزەی جیاوازییە بونیادنەرەکانە (Theory Of Constructive Controversy) بۆ

بونیادی خیتابی سیاسی لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا، تەواوکاری هەمان بۆچوونی بیرکە کە دەڵێت (دژ یان خەسمەکانمان یاریدەدەرمانن).

ئەم دەروازەیە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی لەم سەروبەندەی کە دەچینە ناو پرۆسەی هەڵبژادنەکانی عێراقەوە، جیاوازی نێوان بیربۆچوونی لایەنە سیاسیەکان بە ئاستەنگ بۆ یەکگرتوویی خیتابی سیاسیی کوردستان دانەنێن، بە ڵکو پێویستە ئەو جیاوازیانە ببنە فاکتەرێکی بونیادنەر بۆ ئەوەی خیتابێکی سیاسیی یەکگرتوو بە جۆرێك هەموو هاوڵاتیانی کوردستان تێبگەن و بەفراوانی بەشداری پرۆسە سیاسیەکە بکەن دروست ببێت، وەك بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ خەڵکی پشدەر ئاماژەی پێکرد و وتی : (ئێمە پێویستمان بە یەکریزی هەیە کە زیاتر ریزەکانی خۆمان لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا یەکبخەین، ئەگەرچی هەوڵ لە ئارادایە بۆ ئەوەی یەك لیستی یاخود یەکریزی بنیادبنرێت،بەڵام ئەگەر ئەمە سەری نەگرت، لەوە گرنگتر ئەوەیە کە یەکریزی و یەك هەڵوێستی لەسەر ئەو مەسەلانە هەبێت کە رووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە،پێویستە لیستە جیاوازەکان یەك هەڵوێست بن لەسەری)، کەواتە سەرۆکی کوردستانیش وەك جیفرسۆن چۆن داوای لەگەلی ئەمریکا کرد، ئەویش داوای ئەوە لەگەلی کوردستان دەکات جیاوازیەکان هاندەرمان بن بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە و موناقەشەی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی موناقەشەکان یەکریزی و یەکهەڵوێستی لەسەر ئەو مەسەلانە دروستبکات کە چارەنووسی ئێستای هەرێمەکەمان دیاریدەکات، سەرۆکی کوردستان وەك جیمس مادیسۆن گەیشتن بە یەکریزی بە بەرەنجامی گیانی رەخنە و لەبەر چاوگرتنی بیربۆچوونی بەرامبەر لە قەڵەم دەدات و پێیوایە دەسکەوتەکانمان بەرهەمی هەڵسەنگاندنی لایەنی باش و خراپی بیرو بۆ چوونە جیاوەزارەکانمان دەبێت.

## گۆڕێنی جیاوازیەکان
## لە جیاوازی رووخێنەرەوە بۆ جیاوازی بونیادنەر

هیچ پرسیارێك هێندەی پرسیاری ئاییندەی هەرێمی کوردستان و سەنگی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا،لە گۆرەپانی سیاسیی کوردستان و لە وتووێژی نێوان سەرۆك و گەلی کوردستان و کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستاندا دووبارە نابێتەوە، کەواتە ئەم واقیعە فەرزی دەکات لەم قۆناخەدا کەبەرەو دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا هەنگاو هەڵدەگرین، دەبێت وەڵامێکی قەناعەتپێکراو سەبارەت بەم چارەنووسە سیاسیە بدەینە دەست هاوڵاتیانی کوردستان،ئەم ئەرکە کە ئەرکی سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی کوردستانە و دەبێت ئامادەباشی بۆ ئەو وەڵامە قەناعەتپێکراوە نیشانبدەن،بەڵام هیچ لایەنێکی سیاسیی بە تەنها لە توانایدا نیە ئەو وەڵامە بەرهەمبهێنێت کە هاوڵاتیانی کوردستانی پێ رازی بێت،کەواتە واقیعی ئێستای کوردستان فەرزی دەکات هەموو لایەنە سیاسیەکان لە ژێر چەترێکدا بۆ دروستکردنی ئەو وەڵامە ئامادەباشیان هەبێت، ئەم ئامادەباشیە پێویستی بە ئامادەبوونی لایەنێکی بێ لایەن دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەو چەترەی کە لە ژێریدا ئەو موناقەشە سیاسیە ئەنجامبدرێت، ئەم راپۆرتە باشترین چەتر بۆ ئەو وتووێژانە کە زەمینەسازی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو وەڵامە قەناعەتپێکراوە دروستبکات، بە چەتری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆکی کوردستان دەبینێت، بۆیە کاتێك سەرۆك داوا دەکات،ئێمە پێویستمان بەوەهەیە زیاتر ریزەکانی خۆمان یەکبخەین لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقداو بۆ ئەمەش دوو ئەگەر دەستنیشان دەکات:

١- چوونە ناو هەڵبژاردنەکان وەك هەرێمی کوردستان بە یەك لیست.

٢- یەکخستنی هەڵوێستەکان سەبارەت بەو مەسەلانەی رووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە.

ئەم دوو داواکارییەی سەرۆکی کوردستان، داواکارین بۆ بونیادی خیتابێکی سیاسیی نیشتمانی یەکگرتوو، بۆ ئەوەی ئەم خیتابە یەکگرتووە ببێتە میکانیزمێك بۆ دروستکردنی ئەو بریارەی کە چارەنووسی هەرێمی کوردستان یەکلاییدەکاتەوە.

ئەگەر لێرەوە سەبارەت بە خیتابی سیاسیی یەکگرتوو لە سیستەمە دیموکراتیەکان بگەرێینەوە بۆ ئەزموونە جیهانیەکان، دەبینین (تۆکفیل) لەساڵی ١٩٤٥ ئەو فاکتەرانەی یەکگرتوویی و دیموکراتیەتی گەلی ئەمریکای پاراستووە، بەمشێوەیە دەستنیشانی کردوون:

١- هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لەلایەن تاکەوە لە پێناوی بەرژەوەندی هاوبەش.

٢- متمانەکردن بەوانی دیکە.

٣- دیسپلینی زاتی.

٤- موناقەشەکردن بۆ گۆڕینەوەی لایەنە باشەکان و دوورکەوتنەوە لە لایەنە خراپەکان.

دوای توکفیل، لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا کۆمەڵێك بیرمەند بیروبۆچوونەکانی توکفیلیان بۆ ئەمریکا گۆڕی بۆ بۆچونێکی گشتی بۆ هەموو کۆمەڵگە دیموکراتیەکان و بەدووخاڵ دەستنیشانیان کرد:

١- دەبێت هاوڵاتی پابەند بێت بە بەها سەرەکیەکانی کۆمەڵگاوە کە بریتین لە(ئازادی و یەکسانی)

٢- دەبێت بەو ئاکامانە رازیبین کە لە ئاکامی وتویژەکانەوە سەبارەت بەوەرگرتنی رێوشوێنی پیویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك دەگیرێتە بەر، ئەوجا ئەو رێوشوێنە لەگەڵ بیروبۆچوونی تاك یەکبگرێتەوە یان نە، دەبێت رەچاوی بەرژەوەندی گشتی بکات و پێوەی پابەند بێت.

## سلبیاتی قەناعەتی سیاسیی حزبی

ئەگەر بەم شێوە شەفافانەیە لەسەر ئەم پرسە گرنگە(کە پرسی چارەنووسی هەرێمی کوردستانە) هەڵوەستە نەکەین و راشکاوانە ئامادەباشیمان تیدا نەبێت کە

**سەرۆکی کوردستانیش وەک جیفرسۆن چۆن داوای لەگەلی ئەمریکا کرد، ئەویش داوای ئەوە لەگەلی کوردستان دەکات جیاوازیەکان هاندەرمان بن بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە و موناقەشەی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی موناقەشەکان یەکریزی و یەکهەڵوێستی لەسەر ئەو مەسەلانە دروستبکات کە چارەنووسی ئێستای هەرێمەکەمان دیاریدەکات**

بەشداری لە وەڵامێکی قەناعەتپێکراوانە بـۆ هاوڵاتیانی خۆمـان بکەین، ئەوا مەترسییەکانی (سـلبیاتی قەناعەتی سیاسیی حزبی) بە دیاردەکەوێت، بۆچی ؟ لە وەڵامدا دەڵێین :

١- خیتابی سیاسـی یەکگرتوو هێندە گرنگە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی، کە دەکرێت بڵێین بەبـێ بوونی خیتابێکی سیاسـیی هاوبەشـی یەکگرتوو هیچ بڕیارێکـی یەکلاکـەرەوە دروست نابێت،ئەمـەش بـەو مانایـە حزبێکی سیاسیی چەند خۆی بە راست بزانێت و چەند بەرگری لە بۆچوون و هەڵوێستی خۆی بـکات، بێجگە لـە لایەنگیر و هەوادارانی خۆی کەسێکی دیکەی پێ ئیقناع ناکرێت.

٢- هەڵبژاردن بشکرێت، ئامانجی پارتە سیاسییەکان تەنها بردنەوەی کاندیدەکانی خۆیان دەبێت، نەك بردنەوەی کێشـەی سیاسیی گەلێك یان نەتەوەیەك.

کەواتـە نەبوونی خیتابێکی سیاسـیی یەکگرتوو لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا رووبـەرووی ئەو حاڵەتمـان دەکاتەوە کە باشترە دیسان بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەینەوە:

* بەداخەوە وەك ئێسـتا لە کوردسـتان دەیبینین، گفتوگۆی سیاسیی و خستنە رووی بیربۆچوونە جیاوازەکان هۆکارێك بۆ رووخاندن و بێ متمانەکردنی هاولاتی نەك تیشـك خستنە سـەر کێشەکان و دەستنیشانکردنی لایەنی باش و خراپی چەمکەکان و رێککەوتن یان گەیشتن بە بیروبۆچونێکی هاوبەش.

* بۆ ئەوەی ئەو رووخاندن و یەکتری بە هەڵە پیشاندانە بەردەوام بێت و بەحساب خۆی بە باش پیشـانبدات و، بەرامبەر بەخراپ پەنا بۆ زانیاری چەواشەکاری و نادروسـت دەبرێت،یان پەنا بۆ هەندێك هۆکار یـان ناشـیرینکردنی بەرامبەر دەبرێت،کـە پەیوەنـدی بە ئێسـتای کێشـەکەوە نیە و هاوڵاتیـان ئامادەنین گوێی بۆ بگرن.

* هیچ لایەك لەم حاڵەتەدا دیراسەتێکی وردی کێشـەکە نـاکات و بەلاشـیەوە گرنگ نابێت هاولاتیان بەشـداریەکی فراوانیان لە پرۆسـەکەدا دەبێت یان نە، تەنها شـتێك بەلایـەوە گرنگ دەبێت ئەوەیـە ئایا کاندیدەکـەی خۆی چەند دەنگ زیاتر دەهێنێت.

* لەم حاڵەتەدا خیتابی حزبە سیاسیەکان یـان قەوارە سیاسـیەکان بۆ ئـەوە نیە هاوڵاتیان بە کێشـە چارەنووسسازەکانی کوردسـتان قانیع بکات و تێبگەیەنێت بەشـداری ئەو چەند گرنگـە، بەڵکو ئەوەی مەبەسـتی دەبێت ئـەو لایەن و قەوارانـە دژی بۆچوونەکانی ئەون بە دوژمن و خائین پیشـانی بدات، ئەوەی لەبیر دەچێتەوە کە پرۆسەی دیموکراتی لەگەڵ خائین و خراپ بەرێوەناچێت.

* ئەم باردۆخەی لە حاڵەتی لەمجۆرە

**سەرۆکی کوردستان وەک جیمس مادیسۆن گەیشتن بە یەکریزی بە بەرەنجامی گیانی رەخنە و لەبەر چاوگرتنی بیروبۆچوونی بەرامبەر لە قەڵەم دەدات و پێیوایە دەسکەوتەکانمان بەرهەمی هەڵسەنگاندنی لایەنی باش و خراپی بیرو بۆچوونە جیاوەزارەکانمان دەبێت**



بسمارك

دروستدەبێت دەرهاویشتەی زۆر خراپ لەسەر هاوڵاتی بەجێدەهێڵێت، لەوانە((لاوازکردنی ئەو بۆندە ئەخلاقیانەی تاك بە کۆمەڵگەوە گرێدەدات و ئینتمای خۆی بۆ کۆمەڵگە و چارەنووسی هاوبەشی بۆ کۆمەڵگە تیادەبینێتەوە، دەبێتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن وهاندانی توندوتیژی)

## دروستکردنی زەمینەیەک بۆ پەروەردەی کۆمەڵایەتی سیاسیی
((Political Socialization))

قۆناخی وڵاتی ئێمە هەم قۆناخێکی ئینتقالیە لە گۆڕینی کولتووری دیکتاتۆریەوە بۆ کولتووری دیموکراتی و هەم قۆناخی ئینتقالیە بۆ بونیادنانەوە لە وڵاتێکی کاولەوە بۆ وڵاتێکی ئاوەدان وپێشکەتوو،ئەمە قۆناخێکە بە شاز حساب ناکرێت ئەگەر پەروەردەی کومەڵایەتی سیاسیمان لەئاستی ئەم وەرچەرخانە گەورەیەدا نەبێت،یان ئاستی سیستەمی پارتایەتی لە کوردستان نە گەیشتبێتە ئەو قۆناخە کامڵەی کە وەڵامی ئەم قۆناخە ناسك و هەستیارەی پێبێت، لەمەش گرنگتر ئەو پەیوەندی و بۆندە ئەخلاقیانەی کە تاك بە کۆمەڵگەوە گرێدەداتەوەو چارەنووسی خۆشگوزەرانی تاك بە چارەنووسی سیاسیی کۆمەڵگەوە گرێدەداتەوە، لە وانەیە بەو ئاستە زەمینەی ئەوەی بۆ نەرەخسابێت پەروەردی کۆمەڵایەتی سیاسیی ئەم ئەرکە قورسە لە ئەستۆ بگرێت،بۆیە لێرەوە ئەرکەکان بەو ئاراستیە دەتوانین لێوەی بچینە ناوەوەو قسەی لەسەر بکەین، کە ئاستی پێگەیشتوویی پەروەردەی کۆمەڵایەتی سیاسیشمان لە قۆناخی بونیاد و خۆکامڵکردندایە، لەبەر چاوگرتنی ئەو راستیانەی کە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی وسیاسیی کوردستان بە ئاراستەی بەرەو پێشەوە چوون و کامڵبوون هەنگاو هەڵدەگرێت، بەو مانایە نیە کە دەبێت وازی لێبهێنرێت هەتا کامڵ دەبێت، نەخێر ئەم کامڵبوونە کارلێکی نێوان هەموو توخمە سەرەکیەکانی کۆمەڵگایە و پێویستی بەوە هەیە هەموو توخمەکان هاوشانی یەکتری لەسەر ئاستی((سیاسەتی نیشتمانی، سیاسیەتی حزبی((فرەلایەنی سیاسیی)) لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و هەستکردنی تاك بە خۆگرێدانەوەی بە کۆمەڵگە و چارەنووسی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگەدا، بەرەو پێشەوە چوونی ئاستی ئابوری، باشتر کردنی ئاستی پەروەردەو فێرکردن..هتد) ئەمانە هەموو پێکەوە دەبنە ئەو هاوکێشەی زەمینەی پەروەردە کۆمەڵایەتی سیاسیی بەو ئاستە دروست بێت کە تاك هەست بەوە بکات بۆندێکی ئەخلاقی بە کۆمەڵگەی خۆیەوە گرێدەداتەوە، لەمبارەوە پرۆفیسۆر



قۆناخی وڵاتی ئێمە هەم قۆناخێکی ئینتقالیە لە گۆڕینی کولتووری دیکتاتۆریەوە بۆ کولتووری دیموکراتی و هەم قۆناخی ئینتقالیە بۆ بونیادنانەوە لە وڵاتێکی کاولەوە بۆ وڵاتێکی ئاوەدان وپێشکەتوو، ئەگەر پەروەردەی کومەڵایەتی سیاسیمان لەئاستی ئەم وەرچەرخانە گەورەیەدا نەبێت، بەو مانایە نیە کە دەبێت وازی لێبهێنرێت هەتا کامڵ دەبێت، هاوکێشەی زەمینەی پەروەردەي کۆمەڵایەتی سیاسیی بەو ئاستە دروست بێت کە تاك هەست بەوە بکات بۆندێکی ئەخلاقی بە کۆمەڵگەی خۆیەوە گرێدەداتەوە



جۆرج واشنتۆن

سیستەمی سیاسیی ئێستای کوردستان وەک سیستەمی سیاسیی ئەمریکا، سەرۆکایەتیە

داڤید جۆهانسۆن لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی: خیتابی سیاسیی مەدەنی لە دیموکراتیدا: کاریگەری سایکۆلۆژی، لەو خاڵەوە تیشك دەخاتە ئەم مەسەلە گرنگە، کە دوو کاراکتەری گرنگ لەیەکتری جیادەکاتەوە:

یەکەمیان : سەرۆکی وڵات

دووەمیان: سیاسەتمەداران و سەرکردەی پارتە سیاسیەکان.

جیاکردنەوەی ئەم دوولایەنە لە وڵاتێکی دیموکراتی وەك ئەمریکا، بۆ ئێمە ئەزموونێکی باش دەبێت،چونکە سیستەمی سیاسیی ئێستای کوردستان وەك سیستەمی سیاسیی ئەمریکا،سەرۆکایەتیە، سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە، بۆیە ئەو بەرپرسیاریەتییەی سەرۆك لە سیستەمی سەرۆکایەتی دەکەوێتە سەرشانی بەرپرسیاریەتێکی گەورەترە کە سەرۆك لەسیستەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا دەکەوێتە سەرشانی، هەربۆیە پرۆفیسۆر جۆهانسن رۆڵی سەرۆکی وڵات و سیاسەتمەدار و پارتە سیاسییەکان وەك راوێژکار و یاردەدەری سەرۆك لە کێشە چارەنووسسازەکان و بەرەو پێشەوە بردنی دیموکراتی بەمجۆرە دەستنیشان دەکات و دەڵێت: (بەتەنها ئەوە بەس نیە دامەزرێنەرانی وڵاتەکەمان باش و پابەند بەیەکەوە و پابەندبن بەسیستەمە سیاسیەکەوە، بۆ سیاسەتمەدارەکانی ئێستاشمان تەنها ئەوەندە بەس نیە پابەند بەیەکەوە و بە دیموکراتیەکەمانەوە بن،بەڵکو دەبێت هەر نەوەیەك(لەسەرۆك و نەوەی سیاسەتمەداری تازە) ئەو توانایەی هەبێت کە پابەند بە دیموکراتی و بە دروستکردنی ئەو بۆندە ئەخلاقیە لەگەڵ هاوڵاتیان بەرەو پێشەوە بەرێت و هاوڵاتیان تێکەڵاوی خیتابی سیاسی بکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندی هاوبەش بچەسپێت وچارەنووسی کۆمەڵکە دابرێژرێت).

It is not enough for the founders of our country to be virtuous and committed to each other) and our political system. It is not enough for the current political leaders to be virtuous and committed to each other and our democracy. Each generation has to develop a commitment to democracy and a moral bond with fellow citizens to engage in political discourse to enhance the common good and shape the destiny of the society

وردبوونەوە لەم پەرەگرافەی جۆهانسن دایرشتووە، هەستدەکەین ئاستی پێشکەوتنی دیموکراتی لەگەڵ ئاستی ئینتمای تاك بۆ کۆمەڵگەو دروستبوونی بەرژەوەندی هاوبەش بۆ دارشتنی چارەنووسی کۆمەڵگەی پێکەوە هاوسەنگ کردووە، ئەمەیە کە زیاتر لەسەر

دیموکراتی و پێشکەوتن لەوڵاتێکدادروست نابێت، ئەگەر تاك و کۆمەڵگە بەرژەوەندی هاوبەشیان نەبێت



**لە هەندێک بارودۆخی مێژووی سیاسیی ئەمریکاشدا، رۆڵی باوكانی دامەزرێنەر لە رۆڵی سەركردەی پارتە سیاسیەكان جیاواز بووە**

وشەكانی جۆهانسن هەڵوەستە دەكەین پێمان دەڵێت، دیموكراتی و پێشكەوتن لەولاتێكدادروست نابێت، ئەگەر تاك و كۆمەڵگە بەرژەوەندی هاوبەشیان نەبێت، تاك و كۆمەڵگە چارەنووسیان نەبێت، ئەم بیرمەندە هەستی بەوەكردووە لە هەندێك بارودۆخی مێژووی سیاسیی ئەمریكاشدا، رۆڵی باوكانی دامەزرێنەر لە رۆڵی سەركردەی پارتە سیاسیەكان جیاواز بووە،بۆیە كە دێتە سەر ئەوەی گوتاری سیاسیی یەكگرتوو چۆن زەمینەسازی بۆ بڕیاری یەكلاكەرەوە دروستدەكات، پێش سەركردەی حزبە سیاسیەكان، رۆڵی سەرۆكی ئەمریكا بە جیاواز وەك درێژەپێدەری باوكانی دامەزرێنەری كۆماری ئازادی ئەمریكا دیاریدەكات، ئینجا رۆڵی سیاسەتمەدار و حزبە سیاسیەكان دیاریدەكات، بۆیەراشكاوانە ئەركی سەرۆك لەو بازنەیە دەردەهێنێت كە تەنها پابەند بێت بە رێبازی باوكانی دامەزرێنەری پێش خۆی و پاراستنی سیستەمە سیاسیەكە، بەڵكو لە هەمانكاتدا ئەوە دەخاتە روو كە پاراستن و پەرەپێدانی دیموكراتی وسیستەمە سیاسیەكە پێویستی بەهەمان ئاستی پەرەپێدانی پرۆسەی كۆمەڵایەتی سیاسیی هەیە، ئەمەش واتە چارەنووسی سیاسی كۆمەڵگە وەك كێشەیەكی كۆمەڵایەتی تایبەت بەهەموو تاكێك سەیر بكرێت و داڕشتنی ئەم چارەنووسە بەشداری هەموو تاكێكی كۆمەڵگە لە خۆی بگرێت و جۆرێك لە دیسپلینی زاتی لە ناخی تاكدا دروست بێت كە رێز لە بەرژەوەندی گشتی بگرێت و بەو بڕیارانە پابەند بێت كە چارەنووسی كۆمەڵگەكەی دیاریدەكات.

بێگومان رۆڵی سەرۆك(بەتایبەت ئەوانەی دەبن بە باوك) زیاتر لە رۆژگارە سەختەكان و لەو كاتانەی كە جیاوازیەكان دەبنە ململانێی روخێنەر دەردەكەوێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت سەرۆك پێش ئەوەی نوێنەرانی گەل (پەرلەمان بگەیەنێتە قەناعەت) دەبێت راستەوخۆ گەلەكەی خۆی قەناعەت پێبكات و بەشداری دروستكردنی خیتابی سیاسیان پێبكات، ئەم خیتابە كە سەرۆك راستەوخۆ لەگەڵ گەلی خۆی دروستدەكات ئەو، پارتە سیاسیەكان لە بازنەی ئەو خیتابە سیاسییە كۆدەكاتەوە و لەناو بازنەی ئەم خیتابە سیاسیەدا، هەموو پێشنیار و بەرنامەی پێكهاتە سیاسیە جیاوازەكان وەك یەك سەیر دەكات و راشكاوانە بە هەموو لایەك دەڵێت . هەموو بەرنامەو پێشنیارەكان لایەنی باش و خراپی هەیە و هەر یەك لەو بەرنامانە دەكرێت سوود لە لایەنێكی وەربگیرێت و لایەنە خراپەكانی فەرامۆش بكرێت،لەم بازنەیەدا ئەوەی دەبێتە دادوەرو بڕیار لەسەر لایەنە باش و خراپەكانی هەر بەرنامەیەك دەدات، بۆ ئێستای هەرێمی كوردستان،بێگومان

**گوتاری سیاسیی یەكگرتوو چۆن زەمینەسازی بۆ بڕیاری یەكلاكەرەوە دروستدەكات، پێش سەركردەی حزبە سیاسیەكان، رۆڵی سەرۆكی ئەمریكا بە جیاواز وەک درێژەپێدەری باوكانی دامەزرێنەری كۆماری ئازادی ئەمریكا دیاریدەكات، ئینجا رۆڵی سیاسەتمەدار و حزبە سیاسیەكان دیاریدەكات**

گەلی کوردستان دەبێت و هیچ قەوارە و لایەنێکی سیاسیی ناتوانێت بە دادوەری گەلی کوردستان رازی نەبێت، بۆیە لەبەر ئەوەی سەرۆکی کوردستانیش راستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵبژێراوە سیفەتی ئەو دادوەرەی پێدەبرێت کە هاوسەنگی لە نێوان سەرجەم پێکهاتە سیاسیەکاندا دروستبکات، بەڵام جۆهانسن ئەم دادوەرییەی بەستۆتەوە بە چەند مەرجێکەوە و باس لەوە دەکات:

١- خیتابی سیاسیی چۆن دروست دەکرێت.

٢- چۆن ئەم خیتابە کاری پێدەکرێت بۆ دروستکردنی بڕیاری یەکلاکەرەوە.

بۆ ئەم دووخاڵە جۆهانسن پەنا دەباتە بەر (تیۆری جیاوازیەکان بونیاد نەربن)، Theory of Constructive) Controversy) سەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی زەمینەیەکیش بۆ ئەوەی جیاوازیەکانمان بونیاد نەربن،وەك ئەرستۆتالیس بانگێشەی بۆ کردووە دەبێت گوتاری بەمەبەست دروستبکەین واتە (deliberate discourse) ئەمەش بەو مانایەی وتووێژ لەسەر تێکرای لایەنە باش و خراپەکانی هەموو پێشنیارەکان دەکرێت، ئامانج لەم وتو وێژەش بۆ ئەوەیە خیتابێکی هاوبەش دروستبێت کە توانای چارەسەری پێشوەختەی تێدابێت،ئەمەش بە چەند خاڵێك زیاتر روونەدەکەینەوە:

١- بۆ ئەوەی جیاوازیەکانمان هۆکاربن بۆ بونیاد نەك رووخان، دەبێت هەموو لایەنەکان بەوە رازی بن موناقەشەی پێشنیارەکانیان بکرێت و گوێ بۆ پێشنیارەکانیان رابگیرێت و بوار بۆ هەر لایەنێك برەخسێنرێت بەرگری لە پێشنیار و چارەسەرە بەدیلەکانی خۆی بکات.

٢- دەبێت هەموو لایەنە سیاسیەکان هەر لەسەرەتاوە نیەت و ئامادەباشیان بۆ ئەوەبێت ئەم موناقەشەیە بۆ رێککەوتن و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش دەکەن، نەك زەمینەی موناقەشەکە پێشاندانی هێزی ماسولکەی سیاسیی و عینادی سیاسیی بێت.

٣- بڕوایان بەوە بێت بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ و بڕیاردانی بەکۆمەڵ لە بڕیاردانی تاك لایەنی باشتر و سەرکەتووترە.ئەم بڕوابوونە کەشوهەوایەکی هارمۆنی بۆ موناقەشەکە دروستدەکات.

٤- دەبێت سەرۆکی وڵات کە لەم هاوکێشەیەدا رۆڵی بێلایەن دەگێرێت و ئامانجی ئەوەیە لە لایەنە باشەکانی هەموو پێشنیارەکان خیتابێکی سیاسیی یەکگرتوو دروستبکات، دەبێت هەموو لایەنەکان بەیەك چاو سەیر بکات،(ئێستا وایە) هەروەها ئەوکاتەی کە بڕیار لەلایەنە باشەکانی پێشنیاری لایەك دەدات ولایەنی سلبی پێشنیاری لایەکی دیکە رەتدەکاتەوە، دەبێت کۆدەنگی هەموو لایەنەکانی لەسەر بێت و ئەو لایەنەشی کە بەشێك لە پێشنیارەکانی رەتدەکرێتەوە دەبێت رێز لە کۆدەنگی لیژنەی موناقەشەکە و بڕیاری دادوەری بێ لایەن بگرێت کە لە هاوکێشەکەدا سەرۆکی وڵاتە یان بۆ هەرێمی کوردستان، سەرۆکی کوردستانە.

٥- دەبێت هەموو لایەك کە بەشداری ئەم موناقەشە فراوانە دەکەن، بە گیانی رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن رازی بن و بڕوایان بەوە بێت بڕیاری چارەنووساز بە گیانی رەخنەو رەخنە لە خۆگرتن دروستدەبێت، هەروەها دەبێت لەو راستیە ئاگادار بن کە رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن سەرکەوتن نیە بۆ لایەك و شکست بۆ لایەکی دیکە، بەڵکو ئامانج لەو پرۆسەیە پاراستن وبەرەو پێشەوەبردنی دیموکراتی و پتەوکردنی بۆندی ئەخلاقی تاکە بۆ پابەندبوون بە چارەنووسی سیاسیی کۆمەڵگاکەیەوە.

٦- ئەم موناقەشەیە خەسڵەتی فرەلایەنی ناگۆڕێت بۆ تاك لایەنی، یان تەسلیمبوونی ئیرادەی لایەك بەلایەکی دیکە، نەخێر بواری کارکردنی فرەلایەنی بە ماناترو بەبەهادارتر دەکات، راستە لەسەر کێشە و مەسەلە چارەنووسسازەکان، هەموولایەنە سیاسیەکان قوربانی بە کۆمەڵێك بەرژەوەندی خۆیان دەدەن، بەڵام ئەگەر گیانی ئەم قوربانیدانەیان تێدا نەبێت، چارەنووسی وڵات



**جۆزێف بایدن کە ئێستا جێگری سەرۆکی ئەمریکایە، لەوە پەشێمان نیە کە دەنگی داوە بەسەرۆك بۆش کە شەڕی ئازادی عێراقی کرد، لەبەر ئەوەی بۆ ئەو کات(٢٠٠٣)ئەو شەڕە بۆ ئەمریکا بە مەسەلەیەکی چارەنووساز دادەنرا، بۆیە پشتگیری بایدن وەك سەرکردەیەکی پارتی دیموکراتی بۆ سەرۆك بوش نەبووە هۆکاری ئەوەی پارتی دیموکراتی تەسلیمی پارتی کۆماری بێت، بەپێچەوانەوە شکستی سەرۆك بۆش لە بونیادنانەوەی عێراق بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی دەسەڵات وەربگرێت**

دەدۆڕێنن،جۆزێف بایدن کە ئێستا جێگری سەرۆکی ئەمریکایە، لەوە پەشێمان نیە کە دەنگــی داوە بەســەرۆك بۆش کە شــەڕی ئازادی عێراقی کــرد، لەبەر ئەوەی بۆ ئەو کات(٢٠٠٣)ئەو شەڕە بۆ ئەمریکا بە مەسەلەیەکی چارەنووسساز دادەنــرا، بۆیە پشــتگیری بایدن وەك ســەرکردەیەکی پارتــی دیموکراتی بۆ ســەرۆك بوش نەبووە هــۆکاری ئەوەی پارتــی دیموکراتی تەسـلیمی پارتی کۆماری بێت، بەپێچەوانەوە شکســتی سەرۆك بۆش لە بونیادنانەوەی عێراق بووە هۆکارێك بۆ ئــەوەی پارتی دیموکراتی دەســەڵات وەربگرێت، بەڵام ئەوەی لە هەڵوێســتی پارتی دیموکراتی ئەمریکا پێویســتە فێری بین ئەوەیە، لەو کاتەی پارتــی دیموکراتی لــە تواناپدا هەبوو هەموو گەلــی ئەمریکا لە ئیدارەی ئەمریکــی نائومێد بکات و هەموو جیهانیش بۆ ئەم هەنگاوەی پشــتگیری لە بایدن دەکرد، بــەڵام بایــدن ئەمەی نەکرد لەبەر ئەوەی چارەنووسی ئەمریــکای لــە چارەنووســی پارتی دیموکراتی لا گرنگتر بوو، لەبری ئەمە بە چارەســەری بیرکردنــەوەی هەردوو حــزب (کۆمــاری و دیموکراتی ) بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ دەرهێنانی ئەمریکا لە تەنگژەی عێراق بەشداربوو، ئەویش دروستکردنی لیژنەی دیراساتی عێراق بوو کە پاشتر بە لیژنەی بیکەر- هاملتــۆن ناســرا، لیژنــەی بیکەر – هاملتۆن لەگەڵ ئەوەی پێشــنیارەکانی بــۆ هەرێمی کوردســتان بــاش نەبوو، بــەڵام پەندێکە بۆ ئەوەی لێوەی فێربین چۆن حزبە سیاســیەکان لەکاتی سەخت و دژواردا چارەنووســی وڵاتــی خۆیان لەسەروو بەرژەوەندی حزبەکانیانەوە سەیر دەکــەن، پارتی دیموکراتی بە بەشــدار بوونــی لە لیژنەی بیکــەر هاملتۆن و بەشداری سەرکردە دیارەکانی ئەو پارتە کە پێشتر پۆستی گەورەیان لە ئیدارەی ئەمریکی هەبووە هەر لە(سەرۆك کۆمار و راوێژکاری ئاسایشــی نیشــتمانی و وەزیــری دەرەوە و وەزیــری بەرگری و پسپۆڕانی ســەر بە پارتی دیموکراتی لەهەمــوو ناوەندەکانــی توێژینــەوەی ئەمریــکا ) لاواز نەبــوو یــان نەکەوتە دوای پارتی کۆمــاری، بەڵکو وەك لە هەڵبژاردنەکانی یەکەم ســێ شەمەی نۆڤەمبــەری ٢٠٠٨ بینیمــان پارتی دیموکراتــی ســەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەســتهێنا پێش ئــەوەی کۆمپیوتەر دەنگەکان یەکلاییکاتــەوە جۆن مەکین و ســەرۆك بوش پیرۆزبایان لە باراك ئۆباما کرد.. گەلی ئەمریکا لە پارتی دیموکراتی زویر نەبــوون کە لە قۆناخە ســەختەکاندا هاوکاری ئیدارەی بوش و پارتــی کۆماری کــردووە، بەڵکو بۆیە دەنگیان بە پارتی دیموکراتی دا، لەبەر ئەوەی پارتــی دیموکراتی ڕێگەی نەدا ئینتمــای گەلی ئەمریکا بە ئەمریکاوە بروخێــت، ئــەم مەســەلەی ئینتمایە بۆ ئەمریــکا بیرمەندێکــی گەورەی وەك هنتگتــۆن هێندە بەمەترســی بۆ ئایندەی ئەمریکا دەزانی، کە پرســیارە مێژوویەکــەی لە دووتوێــی کتێبێکدا لــە ســاڵی ٢٠٠٥ خســتە روو کە لە ئەمریکیەکانــی پرســی ئێــمە کێن؟ Who are we?، پارتــی کۆمــاری وەڵامی ئەم پرسیارەی بە شــێوەیەکی قەناعەتپێکراو بۆ هەر تاکێکی ئەمریکا دایەوەو پێیوتن، ئێمــە ئەمریکین بەڵام سیاسەتی هەڵە بەهاکانی ئەمریکای بێ بەها کردووە، پەیکەری ئازادی بێ مانا کردووە، گرنگە لــەم قۆناخە گرنگەش ئێمە ســوود لەو ئەزموونە وەربگرین و لەبایەخی خیتابی سیاسیی یەکگرتوو بۆ دروســتکردنی بڕیاری سیاســیی یەکلاکــەرەوە تێبگەیــن و بەوجــۆرە هەست نەکەین ئەگەر لەسەر مەسەلە هەستیارەکان و ئەو تەحدیانەی کە لەم قۆناخە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتــەوە جیــاواز و عینــاد نەبین، ئایندەی سیاسیی دەدۆڕێنین، نەخێر ئەو کاتە هەموو براوەو سەرکەوتوو دەبین کە چارەنووســی کوردستان دەبەینەوە و ئەوکاتــە هەمــوو دۆڕاو دەبین کە چارەنووسی کوردستان دەدۆڕێنین.



**ڕۆڵی سەرۆك(بەتایبەت ئەوانەی دەبن بە باوك) زیاتر لە ڕۆژگارە سەختەکان و لەو کاتانەی کە جیاوازیەکان دەبنە ململانێی ڕوخێنەر دەردەکەوێت**

**لیژنەی بیکەر – هاملتۆن پەندێکە بۆ ئەوەی لێوەی فێربین چۆن حزبە سیاسیەکان لەکاتی سەخت و دژواردا چارەنووسی وڵاتی خۆیان لەسەروو بەرژەوەندی حزبەکانیانەوە سەیر دەکەن**



**پرۆفیسۆر داڤید گۆلدبیرگەر ئوستادی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی ئۆهایۆو پسپۆرو تایبەتمەندە لە دەستوورو مافە مەدەنی و سیاسییەکان، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر بابەتی باوکانی دامەزرێنەر لەسەر دەستووری ئەمەریکاو گووتاری سیاسی و دروستکردنی بڕیار، پرۆفیسۆر بێگەر بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

داڤید گۆڵد بێرگەر بۆ گوڵان:

# دەبێت سەرۆک هەڵبستێت بەگوزارشتکردن لەو هەڵوێستەی کە پێی وایە بەباشترین شێوە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکە دەکات

زۆر گرنگە تەواوی هاوڵاتییان ئاگاداری ئەو کێشانەبن کە ڕووبەڕووی وڵاتەکەیان دەبێتەوە، بۆ ئەوەی گووتارێکی نەتەوەیی ژیرانە و گشتگیر دابڕێژرێت

*** سەرەتا گووتاری نەتەوەیی چییەو بۆچی دەبێت گوتارێکی یەکگرتوو بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە؟**

- گووتاری نەتەوەیی گرنگە بۆ ئەوەی هاوڵاتییان ئاگاداری کاروبارەکان بن و هەروەها هۆشیاربن بەوەی کە دەبێت باشترین سیاسەت و هەنگاو بگیرێتەبەر بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانیان، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر دروستبوونی ئیجماعێکی نەتەوەی لە بارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانەوە.

*** چۆن تێگەیشتنی خەڵك لەکێشەکانی وڵاتەکەیان هۆکارێك بۆ هاتنەدی گووتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو؟**

- زۆر گرنگە تەواوی هاوڵاتییان ئاگاداری ئەو کێشانەبن کە ڕووبەڕووی وڵاتەکەیان دەبێتەوە، بۆ ئەوەی گووتارێکی نەتەوەیی ژیرانە و گشتگیر دابڕێژرێت، هەروەها دەبێت لە ناو گووتاری نەتەوەیدا بوار بە ڕای جیاواز بدرێت، لە هەمان کاتدا گووتارێکی نەتەوەیی چڕ و پڕ بوونی ڕای گشتییەکی هۆشیار لەخۆدەگرێت.

*** کەواتە ئایا چۆن دەتوانرێت بووترێت کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتووە؟**

- من پێی ناڵێم گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنی گووتارێکی نەتەوەیە لە ئاست سیاسەتەکانی لە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمە گووتارەش لەسەر زانیاری گەلێکی زۆر باش بنیاتنراوە، هەرچەندە لەم ڕووەوەو ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام من پێم وایە ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ ئەوەی ئەمەریکا درێژە بە کارەکانی خۆی بدات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی.

*** بەڵام ئایا چۆن بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی هاوڵاتییان بتوانن لەگۆشەیەکی دیکە ڕەخنە لەکێشەکان بگرن و تا چ ڕاددەیەکیش بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بتوانرێت بە گرتنەبەری میکانیزمێکی باشتر کێشەکان چارەسەربکرێن؟**

- بە دڵنیاییەوە یارمەتیدەرێکی گەورە دەبێت، ئەوە ئاشکرایە کە ئێمە بە ڕۆژگارێکی سەختدا تێدەپەڕین و ڕووبەڕووی کێشەی سەخت دەبینەوە، بۆ نموونە هاوڵاتییانی ئەمەریکا بەهۆی گووتاری نەتەوەیی وڵاتەکەیانەوە ئاگادارییەکی باشیان هەیە لە بارەی کاروبار و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام ئایا دەکرێت لەم ڕووەوە کۆدەنگییەك بەدەست بهێنێت لە بارەی چۆنیەتی هێنانەدی ئامانجەکانمان؟ من پێم وایە هێشتا ئەمە ڕوون نییە و نازانین کەی ئەم کۆدەنگییە دروست دەبێت، کە هیوادارین بێتەدی.

*** ئایا ڕۆڵی سەرۆك یان سەرکردەی وڵاتەکە چییە لە هێنانەدی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوودا، بە تایبەتی لە قۆناغە هەستیارەکاندا؟**

ئەرکی سەرۆك دوو لایەنە، یان دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە هەڵبستێت بە گوزارشتکردن لەو هەڵوێستەی کە پێی وایە بە باشترین شێوە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکە دەکات، هەروەها دەبێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی ئەمە باشترین هەڵوێستە کە گرتویەتیەبەر، لایەنی دووەم ئەوەیە گوێ لە بیروبۆچوونی هاوڵاتیان بگرێت، جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێی ئەو لایەنانەی نوێنەرایەتی هاوڵاتییان دەکەن، وەك دەسەڵاتی یاسادانان کە دەبێت ئەم بیروبۆچوونە سیاسییانە لەبەرچاوبگرێت و هەوڵبدات هەموارکردن بەسەر هەڵوێستەکانیدا بهێنێت بۆ ڕازیکردنیان.

*** لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا هەمیشە باسی ئەوە دەکرێت کە دەبێت بواری بەشداریکردن بۆ تێکڕای هاوڵاتییان بڕەخسێنرێت، کە هەندێ لە چاودێران پێیان وایە بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەم بەشداریکردنە، تا چ ڕاددەیەك هاوڕایت لەگەڵ ئەم**



**تاوەکو ئاستی قبوڵکردنی ڕای جیاواز زیاتر بێت ئەوا پاڵنەری خەڵک بۆ بەشداریکردن زیاتر دەبێت**

**کاردانەوەیەدا؟**

- لە ڕاستیدا بوونی سەرۆکی باش هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ئاستی بەشداری هاوڵاتییان لە پرۆسە سیاسییەکەدا، لە هەمان کاتدا زیادکردنی ڕێژەی بەشداری پێویستی بە بوونی لێبوردەیی و قبوڵکردنی بیروبۆچونی جیاواز هەیە، کە من پێم وایە تاوەکو ئاستی قبوڵکردنی ڕای جیاواز زیاتر بێت ئەوا پاڵنەری خەڵك بۆ بەشداریکردن زیاتر دەبێت.

*** تا چ ڕادەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دروستبوونی نەوەیەکی چالاك؟**

- بەتێڕوانینی من کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە، بە تایبەتی لەسەر چینی لاوانی وڵاتەکەی ئێمە، بۆ نموونە من دەبینم قوتابییەکان زۆر بە پەرۆشەوە هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن تێڕوانین و هەڵوێستێکی باش گەڵاڵەبکەن لە ئاست پرس و کێشە جیاوازەکاندا.

*** ئایا نەبوونی ئەم گووتارە تا چ ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئایندەی وڵاتەکە؟**

- بەبۆچوونی من گرنگترین لایەنە کە پێویستە بایەخی پێبدرێت لەو کۆمەڵگەیانەی بەم قۆناغی ئینتیقالیدا دەڕۆن بریتییە لەکارکردن لەسەر ڕەخساندنی کەشی لێبوردن و قبوڵکردنی بیروڕای جیاواز، کە تێیدا پەنا بۆ توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە نەبردرێت، ئەو کاتە خەڵکی دەتوانن فێری ئەوەبن چۆن دەتوانن وڵاتێکی یەکگرتوویان هەبێت لەکاتێکدا بیرو رای جیاوازییان هەبێت لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان.

*** ئایا تا چ ئەندازەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دیموکراسی و گووتاری مەدەنی لەوڵاتەکەدا؟**

- بەباوەڕی من بوونی گووتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو هۆکارێکە بۆ پتەوکردنی دیموکراسی، لەبەر ئەوەی بوونی ئەم گووتارە بەو مانایە دێت کە هاوڵاتیان بەشداری لەپرۆسە سیاسییەکەدا دەکەن و بەشداری کردنەکەشیان لەسەر بنەمای زانیاری و هۆشیارییە و هەر کاتێك بەشداری هاوڵاتیانیش بەمشێوەیە بوو، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی بەهێزبوونی دیموکراسی.

*** ئایا لەو کۆمەڵگەیانەی بەدەست ناکۆکی ئیتنی و نەتەوەییەوە دەناڵێنن، تا چ ئاستێك بوونی ئەم گووتارە دەبێتە هۆکارێك بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ناکۆکییانەدا، یان چارەسەرکردنیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە؟**

- هۆکارێکی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی دیاریکردن و دەستنیشانکردنی جیاوازەکان و گفتوگۆکردن لەبارەیانەوە، کە تەنها بە گفتوگۆکردنیش لە بارەیانەوە دەتوانرێت تێگەیشتنێکی دوولایەنە دروستبکرێت، لەبەر ئەوە لەم ڕوانگەیەوە گرنگە هەمیشە سیاسییەکان جەخت لەسەر لێبوردەیی لە بەرامبەر بیروبۆچوونە جیاوازەکان بکەنەوەو ئەو ڕاستییە دووپات بکەنەوە کە ناکرێت هەموومان وەك یەك بیربکەینەوە.

**بوونی گووتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو هۆکارێکە بۆ پتەوکردنی دیموکراسی**

*** ئایا ئەمە لە عێراقدا پیادە دەکرێت؟**

- لە ڕاستیدا هەندێ جار عێراقییەکان دەبینم کە گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا دەکەن و دەگەنە چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەکان و هەندێ جاریش دووچاری دژواری دەبنەوە، لە گفتوگۆکردن لە بارەی پرس و کێشە جیاوازەکانەوە، هەرچەندە من پێم وایە حاڵی حازر عێراق زیاتر لە پیادەکردنی ئەم شێوازی کارکردنەوە نزیکە، بە بەراورد بە دوو یان سێ ساڵ پێش ئێستا، لەبەر ئەوە من لەم ڕووەوە گەشبینم.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هیوادارم لە مانگەکانی داهاتودا عێراقییەکان بە هەموو گروپە ئاینی و سیاسییەکانەوە بتوانن جیاوازییەکانی نێویان چارەسەر بکەن و عێراقێکی یەکگرتوو بەهێز بنیات بنێنەوە.



**پرۆفیسۆر جۆن مۆرفی ئوستادی مێژووی سیاسەته له زانكۆی ئیللنۆس و پسپۆر تایبەتمەنده لەسەر مێژووی سیاسیی ئەمەریكا،چەندین كتێب و دیراساتی لەسەر ئەم مێژووه و دەستووری ئەمەریكا نوسیووه، سەبارەت بەرۆڵی سەرۆكەكانی ئەمەریكا له بونیادی خیتابی سیاسیدا پرۆفیسۆر مۆرفی بەمجۆره بۆ گوڵان هاته ئاخاوتن.**

جۆن مۆرفی بۆ گوڵان:

# سەرۆک کاتێک پرسەکان بۆ هاوڵاتییانی خۆی روونده‌کاته‌وه بواری بەشداری سیاسیی فراوانتر دەکات

**گووتاری نەتەوەیی بریتییە لە توانای پێکەوەکارکردن و بەشداریکردنی لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکدا، بۆ هێنانەدی ئامانجی هاوبەش و چارەسەرکردنی کێشەکان بێ توندوتیژی**

*** چۆن دەتوانرێت گووتاری نەتەوەیی دروست بکرێت؟**

- به تیروانینی من گووتاری نەتەوەیی بریتییه له توانای پێکەوەکارکردن و بەشداریکردنی لایەن و پێکهاته جیاوازەکانی کۆمەڵگه لەگەڵ یەکدا، بۆ هێنانەدی ئامانجی هاوبەش و چارەسەرکردنی کێشەکان بێ توندوتیژی. هەروەها دەبێت هەردوو شێوازی لەسەرەوه بۆ خوارەوه و له خوارەوه بۆ سەرەوه بگیرێتەبەر، مەبەستم له شێوازی له سەرەوه بۆ خوارەوه ئەوەیه سەرکردەکانی وڵاتەکه بتوانن هەڵبستن به گوزارشتکردن له بەرژەوەندییه گشتی و هاوبەشەکانی نەتەوە، لەبەر ئەوەی له کۆمەڵگەدا بەرژەوەندی جۆرا و جۆر و جیاواز هەیه، بەڵام دەبێت نەتەوەکەش دەنگێکی یەکگرتوو بەرژەوەندییەکی هاوبەشی هەبێت، ئەوەی پەیوەندی به شێوازی دووەمەوه هەبێت- له خوارەوه بۆ سەرەوه- ئەوا مەبەستەکه ئەوەیه دەبێت خەڵکی رۆژانه بەشدارییان هەبێت لەم پرۆسەیەدا، له رێی گفتوگۆ و راوگۆڕینەوه له بارەی مەسەلەکانەوه، هەروەها له رێی بەشداری کردن له بڕیاره مەحەلییەکاندا.

*** چۆن گووتاری نەتەوەیی دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵكی لەو كێشە و گرفتانە تێبگەن كە رووبەڕووی وڵاتەکەیان دەبێتەوە؟**

- من پێم وایه ئەمه گرنگییەکی زۆری هەیه، چونکه زۆرجار کێشەکان دەبینرێن، بەڵام هیچ مشتومڕ و گفتوگۆیەکیان له بارەوه ناکرێت، هەر ئەمەش بەشێکه له ئەرك و بەرپرسیارێتی بەرپرس و سەرکردەکان، که دەبێت هەوڵی دەستنیشانکردنی کێشەکان بدەن و دواتر گفتوگۆیان لەبارەوه بکەن، که من باوەڕم وایه ئیدارەی ئۆباما ئەم کارەی کردووەو هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیه که خەڵکی ئەمەریکا تەقدیری ئۆباما دەکەن، لەبەر ئەوەی کاتێك که بیرورا ئاڵوگۆڕ دەکرێت له بارەی کێشەکانەوه، ئەوا چیتر وەك کێشەیەکی مەترسیدار سەیر ناکرێن و ئەمەش دەبێته هەنگاوی یەکەم بۆ چارەسەرکردنیان.

*** ئایا چ رادده‌یه‌ك بوار ده‌ره‌خسێنێت بۆ ئەوەی بتوانرێت به گرتنەبەری میکانیزمێکی باشتر کێشەکان چارەسەربکرێن؟**

- من باوەڕم وایه بوونی ئەم گووتاره دەرفەتێکی باشتر دەڕەخسێنێت بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکان، که ئەگەر بۆ مێژووش بگەڕێینەوه، ئەوا ئەم گووتاره ڕێگا و شێوازی جیاوازی بۆ گەلان هێنانەوەتەدی بۆ قسەکردن و گفتوگۆکردن له بارەی کێشه و گیروگرفتەکانەوه، به تێڕوانینی من ئەوەیه له ئەزموونی ئێمەدا گرنگییەکی زیاتری هەبووه ئەوەیه ئایا خەڵکی بڕیاردەدەن که کارێك بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانه یان، نەك تەنها ئەرکەکەیان لەپێشنیارکردنی چارەسەرگەلێکی دیاریکراو بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانه کورتبێتەوه.

*** ئایا رۆڵی سەرۆك یان سەرۆکی وڵاته چییه له هێنانەدی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوودا، به تایبەتی له قۆناغه هەستیارەکاندا؟**

- رۆڵی سەرکردەی نەتەوەیی گرنگه لەم ڕووەوه، به تایبەتی که ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرکرده ئەوەیه هەڵبستێت به ڕوونکردنەوه و خستنەڕووی ئەوەی ئێمه چ جۆره نەتەوەیەکین و ڕەگ و ڕیشەی ئێمه چییه و دەمانەوێت چ کارێك ئەنجامبدەن، که ئەمانه دەبنه چوارچێوەیەکی سەرەکی بۆ لەخۆگرتنی پێکهاته جیاوازەکانی وڵاتەکه له گووتارێکی یەکگرتوودا.

*** له چاودێران پێیان وایه بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو**

**زۆرجار کێشەکان دەبینرێن، بەڵام هیچ مشتومڕ و گفتوگۆیەکیان له بارەوه ناکرێت، هەر ئەمەش بەشێکه له ئەرک و بەرپرسیارێتی بەرپرس و سەرکردەکان، که دەبێت هەوڵی دەستنیشانکردنی کێشەکان بدەن و دواتر گفتوگۆیان لەبارەوه بکەن**

**هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداری سیاسیی هاوڵاتییان، تا چ ڕادەیەك هاوڕایت لەگەڵ ئەم کاردانەوەیەدا؟**

- من لێرەدا دووبارە دەگەڕێمەوە سەر ڕۆڵی سەرکردە و سەرۆکی وڵاتەکە لە خولقاندنی چوارچێوەیەك بۆ بەشداریکردنی هاوڵاتییان، لەبەر ئەوەی زۆرجار هاوڵاتییانی ئاسایی نازانن چۆن بەشداربن لە هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکاندا، بەڵام هەر کاتێك سەرۆکی وڵاتەکە هەڵسا بە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئامانجە نەتەوەییەکان و ڕووی کردە هاوڵاتیان و ئەوەی پێی ڕاگەیاندن کە ئێوە دەتوانن چی بکەن، ئەو کاتە هاوڵاتیانیش بەرچاو ڕوون دەبن و دەزانن سیستەمەکە چۆن کاردەکات و چۆن دەتوانن بەشداری تێدابکەن.

*** تا چ ڕادەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دروستبوونی نەوەیەکی چالاك؟**

- من تەمەنم پەنجا ساڵە و هەمیشە ئەو هەستە لای ئەم کەسانە هەیە کە نەوەی نوێ وەك پێویست کارناکەن و وەك پێویست ژیرانە ڕەفتار ناکەن و هتد، بەڵام ئەوەی دەکرێت لێرەدا بیڵێم ئەوەیە بۆ دروستکردن و گۆشکردنی نەوەیەکی چالاك دەبێت بایەخ بە سیستەمی پەروەردە بدەین بۆ ئەوەی هەمو کەسێك فێری خوێندنەوە بێت، نەك هەر خوێندنەوەی وشەکان، بەڵکو فێری خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەش بێت، من لێرەدا جەخت لەسەر گرنگی پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی پەروەردە دەکەمەوە.

*** ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بە قۆناغی ئینتیقالیدا دەڕۆن ئەوا هۆکاری دوژاربوونی زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا بۆ نەبوونی گووتارێکی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نەبوونی ئەم گووتارە تا چ ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئایندەی وڵاتەکە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە بەشێکی مەسەلەکەیە، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت لە لایەك گووتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو لە ئارادابێت، بۆ ئەوەی خەڵکی تێگەیشتن و تێڕوانینێکی ڕونیان هەبێت لەبارەی ئەوەی چ نەتەوەیەکن و ئامانجەکانیان چییە، هەروەها دەبێت تێکڕای هاوڵاتییانەش هەلی بەشداری کردنیان بۆ بڕەخسێنرێت کە ئەمە وەك ئۆرکێستراییەك وایە کە ئامێری مۆسیقی جیاوازی تێدایە و هەر یەکێك دەنگێك بەرهەمدەهێنێت، بەڵام بەهۆی بوونی ڕێکخستن و ئاڕاستەیەکی دیاری کراوەوە لە کۆتاییدا بەرهەمێکی یەکگرتوو پێشکەش دەکەن. هەروەها لە هەندێ کۆمەڵگەدا بە چەشنێك ئامانج و ئاڕاستە نەتەوەییەکان داڕێژراون کە لە چوارچێوەیدا تێکڕای دەنگ و پێکهاتە جیاوازەکان بەشداری دەکەن و بە پێچەوانەشەوە لە هەندێ کۆمەڵگەی دیکەدا ئەم ناکۆکییانە بوونەتە سەرچاوەی دژواری و گیروگرفتێکی زۆر بۆ کۆمەڵگە.

*** ئایا تا چ ئەندازەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دیموکراسی و گووتاری مەدەنی لە وڵاتەکەدا؟**

- ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی هەیە و لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە نێلسۆن مانێدێلا بکەین لە ئەفریقیای باشور، کە توانیتی سەرەڕای بوونی ئەو هەموو کێشە گەورانە و سەرەڕای بوونی بوغز و قینی ڕەگەزی گووتارێکی نەتەوەیی و پرۆسەی ئاشتەوایی بەرهەمبهێنێت، کە دەکرێت ئەو ڕاستییە لەم حاڵەتە بخوێنرێتەوە کە ماندێلا کەسایەتییەکی مەزنە و نمونەی هاوشێوەی ئەو دەتوانێت جیاوازی گەورە دروست بکات.



ڕۆڵی سەرکردەی نەتەوەیی گرنگە لەم ڕووەوە، بە تایبەتی کە ئەرک و بەرپرسیارێتی سەرکردە ئەوەیە هەڵبستێت بە ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی ئەوەی ئێمە چ جۆرە نەتەوەیەکین و ڕەگ و ڕیشەی ئێمە چییە و دەمانەوێت چ کارێک ئەنجامبدەن

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە نیلسۆن ماندێلا بکەین لە ئەفریقیای باشور، کە توانیتی سەرەڕای بوونی ئەو هەموو کێشە گەورانە و سەرەڕای بوونی بوغز و قینی ڕەگەزی گووتارێکی نەتەوەیی و پرۆسەی ئاشتەوایی بەرهەمبهێنێت



**خاتوو ئیملی ویلس یەکێکە لە توێژەوەکانی ئامۆژگای ئەریزۆنا بۆ دیراساتی ناسنامە و دەسەڵات و جەندەر و تێزی دکتۆراکەی لەسەر پەیوەندی نێوان گوتاری سیاسیی و زمانە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە خاتوو ئیملی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**ئیمیلی ریگان ویلس بۆ گوڵان:**

# سەرۆک لەپێناوی بەرەوپێشبردنی وڵاتەکەی، ئامادەی ئەو گفتوگۆیانە دەبێت کە بیروبۆچون و بەدیلی جیاوازیان تێدا تەرح دەکرێت بۆ چۆنیەتی چارەسەرکرنی کێشەکان

**دەبێت ئەو کەسانەی هەوڵی ڕوبەڕووبونەوە و چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان دەدەن ئەزمونیان لەگەڵ ئەو کێشانەدا هەبێت، یاخود لە سروشت و سەرچاوەی ئەو کێشانە تێبگەن، کە دواتر دەبێت دەوڵەت هەڵبستێت بە خستنەڕووی ئەو کێشانە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان**

*** بۆچی دەبێت گوتاری نەتەوە، گوتارێکی یەکگرتوو بێت ؟**

- لە ڕاستیدا بەدیهێنان و گەڵاڵەکردنی گووتاری نەتەوەیی ئەرکێکی سەختە، هەروەها ئامانج و مەبەست لەم گووتارە ئەوەیە خەڵکی لە دەوری پەیامێك یان ئایدیاك کۆبکاتەوە، بە چەشنێك بتوانن بە شێوەیەکی جەماعی کاربکەن، یاخود بڵێین بە شێوەیەکی یەکگرتوو کاربکەن، هەروەها گرنگە گووتاری نەتەوەیی بوار بۆ بیروبۆچون و هەڵوێستە جیاوازەکانیش بڕخسێنێت، کە سەرچاوەی ئەم جیاوازییەش بۆ بوونی تیڕوانین و ئایدۆلۆژیای سیاسی دەگەڕێتەوە، واتە گرنگە ئەم بوارە بدات، لەبەر ئەوەی مەحاڵە بتوانرێت تێکڕای خەڵکی وڵاتەکە یەك بیروبۆچونی دیاری کراویان هەبێت.

*** ئایا ئەم بیرکردنەوە بە کۆمەڵییە چۆن دروست دەبێت، چۆن تێکرا لەسەر بۆ چونێك یەکدەگرن؟**

- لە ڕاستیدا گفتوگۆو مشتومڕێکی زۆر هەیە لەمبارەیەوە، ئەوەی من لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانمدا پێی گەیشتوم ئەوەیە دەبێت ئەو کەسانەی هەوڵی ڕوبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان دەدەن ئەزمونیان لەگەڵ ئەو کێشانەدا هەبێت، یاخود لە سروشت و سەرچاوەی ئەو کێشانە تێبگەن، کە دواتر دەبێت دەوڵەت هەڵبستێت بە خستنەڕووی ئەو کێشانە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەوڵەت هەڵنەستێت بە ڕوونکردنەوەو گوزارشتکردن لە کێشەکان و کێشە هەنوکەیی و بەپەلەکان بۆ خەڵك نەخاتە ڕوو، ئەوا ناکرێت چاوەڕێی ئەوەبکەین خەڵك وەڵامدانەوەی ئیجابیان هەبێت و ئامادەی هاوکاری کردنی دەوڵەت بن، واتە لەلایەك دەبێت ڕێگە بدات خەڵك بیروبۆچوون و تیڕوانینی خۆیان دەربڕن، لەلایەکی دیکەوە دەبێت دەوڵەتیش کار بۆ ئەوەبکات بە شێوەیەك لێدوان بدات، یان ڕوونکردنەوەکانی بخاتەڕوو کە ڕای گشتی لێی تێبگەن.

*** تا چ ڕادەیەك بەگیانی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن ئەم خیتابە سیاسییە کامڵ دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت خەڵکی لەچوارچێوەی گفتوگۆکردن لە بارەی گووتارە نەتەوەییەکەوە زمانی نوێ بدۆزنەوە بۆ قسەکردن و ڕەخنەگرتن و بگەنە بڕیارگەلێکی دیاریکراو بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، کە ئەمەش یارمەتیدەردەبێت لە دارشتنی سیاسەتێکدا کە ببێتەهۆی هێنانەدی خواست و ویستی هاوڵاتییان، یاخود ئەو سیاسەتەی کە زۆرینەی خەڵك قبوڵی دەکەن، لە دەرئەنجامدا دەکرێت ئەو ڕوونبکرێتەوە کە بۆچی بارودۆخەکە بەو شێوەیەیە کە هەیە، یاخود دەکرێت چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە باشترکردنی چۆنیەتی کارکردنی سیستمە سیاسییەکە کە دیسان ئەمەش لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە.

*** ئایا ڕۆڵی سەرۆك یان سەرکردەی وڵاتەکە چییە لە هێنانەدی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوودا، بە تایبەتی لە قۆناغە هەستیارەکاندا؟**

ڕۆڵی سەرکردە سیاسییەکان زۆر گرنگە لەم ڕووەوە، کە من پێم وایە دەبێت ئەو سەرۆکانەی پەرۆشی بەرەوپێشبردنی وڵاتەکەیانن، دەبێت ئامادەبن بەشداری لەگفتوگۆکاندا بکەن کە بیروبۆچوون و بەدیلی جیاوازیان تێدا تەرح دەکرێت بۆ چۆنیەتی چارەسەرکرنی کێشەکان، لە هەمان کاتدا دەبێت بە شێوەیەك هەڵبستێت بە خستنەڕووی کێشە و ڕێگاچارەکانی

چارەسەرکردنیان کە مایەی لێتێگەشتنبن لە لای خەڵکی ئاسایی، هەروەها دەبێت سەرکردەکان ڕەخنە قبوڵبکەن، ئەگەرچی هەندێ جار بە زمان و دەربڕینێکی سیاسیانەش گوزارشتیان لێنەکرێت.

*** تا چ ڕادەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دروستبوونی نەتەوەیەکی چالاك؟**

ئێمە دەبێت هانی چینی گەنجان بدەین بۆ ئەوەی بەشداربن و ڕۆڵیان هەبێت لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە گووتاری نیشتمانییەوە، بە تایبەتی کە ئەم چینە خاوەنی ووزەیەکی زۆرە، هەروەها لە ڕێی ئەزمونەوە دەرکەوتووە کە بوونی کەسانێکی چالاك لە ڕووی سیاسییەوە لە خێزانێکدا یان بنەماڵەیەکدا کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر کەسەکانی دیکەی ناو ئەو خێزانە بۆ ئەوەی بەشداری لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە سیاسەتی نەتەوەیی و ئەو کێشانە بکەن کە ڕووبەڕووی نەتەوەکە دەبنەوە. ئەوەی پەیوەندی بە بەشداری سیاسییەوە هەبێت، ئەوا من پێم وایە زۆرجار ئێمە مەودای بەشداری سیاسی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا دەخوێنینەوە، بۆ نمونە ڕەنگە تەنها بەشداری سیاسی لە پرۆسەی دەنگدانەدا، یاخود بە نامەناردن بۆ یەکێك لە ئەندامانی کۆنگرێسدا، هەروەك ئەوەی لە ئەمەریکا بەدی دەکرێت، کورت بکەینەوە، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت بەشداری سیاسی گفتوگۆکردنی بەردەوامی هاوڵاتیان لەسەر کێشەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان لەخۆبگرێت، هەروەها پێویستی شێوەکانی دیکەش لەخۆبگرێت، وەك دەنگدان و فشاردروستکردن و ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان

*** ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بە قۆناغی ئینتیقالیدا دەڕۆن ئەوا هۆکاری دوژاربوونی زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا بۆ نەبوونی گووتارێکی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نەبوونی ئەم گووتارە تا چ ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئایندەی وڵاتەکە؟**

- لە ڕاستیدا دابەشبوون لەم گووتارەدا دەبێتەهۆی ئەوەی نەتوانین بە شێوەیەکی یەکگرتوو ڕووبەڕووی کێشەکان ببینەوە، من پێم وایە دەبێت کار بۆ دروستکردنی چیرۆکێك بکەین کە ببێتە هۆکارێك بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری پەیامێك یان ئەرکێکی دیاریکراو، لە هەمان کاتدا دەبێت لەم گووتارەدا بوار بۆ بیروبۆچون و تێڕوانینە جیاوازەکان بڕەخسێنرێت، بە هەمان شێوە نابێت ئەم جیاوازیانە بە نیشانەیەکی سلبی و خراپ لێکبدەینەوە، بە پێچەوانەوە ئاماژەیەکی ئیجابین، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن بتوانرێت لە چوارچێوەی گووتارە نەتەوەییەکەدا، ئەم جیاوازیانە پێکەوە بگونجێندرێن.

*** ئایا تا چ ئەندازەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دیموکراسی و گووتاری مەدەنی لە وڵاتەکەدا؟**

- باشترین ساتەوەختی سیاسی ئەوەیە بتوانیت گووتارێك گەڵاڵە بکەیت کە خەڵکی دەنگ و سەنگی خۆیانی تێدا ببیننەوە و ئامادەبن بەشداری تێدابکەن، بەڵام کێشەکە ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە ناکۆکی و جیاوازی هەبێت لە ئاستی گووتارەکەدا، واتە چۆن بتوانین ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە ببینەوە کە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ گرژی و ئاڵۆزی، بۆ نمونە بڕواننە ڕووداوەکانی ئێران. بوونی گووتارێکی سیاسی گرنگە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەی بوونەتەهۆی دابەشبوونی کۆمەڵگەکە، بە تایبەتی ئەگەر گووتارێك بێت بوار بۆ تێکڕای گروپ و پێکهاتە جیاوازەکان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بتوانن گوزارشت لە بیروبۆچونی خۆیان بکەن و بەشداری بکەن لە پرۆسەکەدا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هیوای خۆشبەختی بۆ خەڵکی کوردستان دەخوازم، ئومێد دەکەم سەرکەوتووبن لە چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆز و گەورەکانیاندا و من هەمیشە پشتگیری لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەم لە ڕێی گفتوگۆ و دانوستاندنی سیاسییەوە.

**دەبێت هانی چینی گەنجان بدەین بۆ ئەوەی بەشداربن و ڕۆڵیان هەبێت لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە گووتاری نیشتمانییەوە**





پرۆفیسۆر ئەدۆلف رید ئوستادی فەلسەفەی سیاسەتە لە زانكۆی پەنسلڤانیا و پسپۆر تایبەتمەندە لە فیكری سیاسیی ئەمەریكا و چۆنیەتی دروستكردنی بڕیار و گوتاری سیاسیی لەئەمەریكادا بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر رید بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

**ئەدلۆف رید بۆ گوڵان:**

# سەرۆک دوو ئەرکی هەیە یەکەمیان پیادەکردنی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی و دووەمیان کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری بەرنامەیەک

**دەبێت سیستمە سیاسییەكە كراوەبێت و بواری بەشداری كردن بڕەخسێنێت**

*** ئایا چۆن لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا گوتاری سیاسیی گەڵاڵەدەكرێت، یاخود ئایا چۆن دەتوانرێت بووترێت كە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا خاوەنی گووتارێكی سیاسی نەتەوەیی یەكگرتووە؟**

- لە ڕاستیدا من دەتوانم ئەوە بڵێم كە لە ئەمەریكادا چەندین گوتاری نەتەوەیی هەن كە پێدەچێت پێكەوە بگونجێن و پێكەوەهەڵبكەن، بەڵام كێشەی تایبەتی ئەم وڵاتە ئەوەیە هەردوو پارتی سەرەكی وڵاتەكە، كۆماری و دیموكراتەكان، هەوڵدەدەن لە ڕێی وروژاندنی كێشە ئەمنییەكانەوە، یان بەرپاكردنی جەنگەوە كار بۆ دارِشتن و هێنانەدی ئەم گوتارە بكەن، كە تێوەگلان لە شەڕ یاخود جۆشدان و سازدانی خەڵك لە ئاست هەڕەشە ئەمنییە دەرەكییەكاندا بۆ وڵات و نەتەوەیەكی وەك ئەمەریكا مەترسیدارە، كە وڵاتێكە توانا و دەسەڵاتێكی گەورە و هێزێكی كاولكاری گەورەی هەیە. هەروەها ئەمە مەترسی بۆ سەر ئازادی لە ناوخۆی وڵاتەكە و حكومەتی دەستوری وڵاتەكەش دروست دەكات. بە دڵنیاییەوە بوونی ئەم گووتارە گرنگە، لەبەر ئەوەی دەكرێت تێكڕای كێشە و نیگەرانییەكان بەباشترین شێوە لەسەر ئاستی سیاسەتی نەتەوەیی چارەسەربكرێن.

*** دەربڕێنێكی دیكە چۆن تێگەیشتنی خەڵك لە كێشەكانی وڵاتەكەیان هۆكارێك بۆ هاتنەدی گووتارێكی نەتەوەیی یەكگرتوو؟**

- ئەمە خاڵێكی زۆر گرنگە و لە ڕاستیدا ئومێدەكە ئەوەیە ئەم گوتارە لە سەدەی بیستدا ئەم ڕۆڵە ببینێت و ببێتە ئامرازێك بۆ دروستبوونی هەستی ئینتیما و هێنانەدی ئامانجی هاوبەش. بۆ نموونە جیاوازی سەرەكی نێوان ئەمەریكا و وڵاتانی وەك كەنەدا و دانیمارك، ئەوەیە لەم كۆمەڵگەیانەی دواییدا خەڵكی توانیویانە پێكەوە كۆببەنەوە و بنەمای ئەم كۆبونەوەیەش بریتی بووە لە ئینتیمای نەتەوەیی كە ڕەگ و ریشەی لە دامەزراوە گشتییەكانی وڵاتەكەدا هەیە، بە پێچەوانەوە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا بوونی ئەم هەست و ئامانجە هاوبەشانە بەرەو كاڵبونەوە دەچن، من پێم وایە بەشێوەیەكی سەرەكی هۆكاری ئەم حاڵەتە بۆ فشاری نیولیبراڵەكان و بەتایبەتكردن و بەرفراوانكردنی هێزەكانی بازاڕی تایبەت دەگەڕێتەوە، كە باوەڕم وایە ئەمە لە هەر شتێكی دیكە زیاتر دەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە گووتاری نەتەوەیی و ئامانجە نەتەوەییەكان.

*** ئایا ڕۆڵی سەرۆك یان سەركردەی وڵاتەكە چییە لە هێنانەدی گووتارێكی سیاسی نەتەوەیی یەكگرتوودا، بە تایبەتی لە قۆناغە هەستیارەكاندا؟**

- ئەوە پرسیارێكی گرنگە، ئەگەر ئێمە لە حاڵەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بڕوانین، ئەوا دەتوانین بڵێین سەرۆكی ئەم وڵاتە دوو ئەركی لە ئەستۆیە، یەكەمیان مومارەسەكردنی دەسەڵاتە دەستورییەكانی خۆی، یاخود ئەو سەڵاحییەتانەی بە دەسەڵاتی جێبەجێكردن دراون، دووەم ئەوەیە بتوانێت خەڵكی وڵاتەكە لە دەوری بەرنامەیەك یان تیرِوانینێكی دیاریكراو كۆبكاتەوە و بتوانێت پشتگیری خەڵكی وڵاتەكە بۆ ئەو بەرنامەیە بەدەستبهێنێت، بۆ نموونە چەند سەرۆكێكی مەزنی ئەمەریكا ئەم كارەیان كرد، وەك فرانكلین ڕۆزفڵت و ئیبراهام لینكۆن، كە من پێم وایە تا ئێستا جۆرج بۆش و بیل كلینتۆن و باراك ئۆباما نەیانتوانیوە ئەم كارە بكەن.

*** لە وڵاتە دیموكراتییەكاندا هەمیشە باسی ئەوە دەكرێت كە دەبێت بواری بەشداریكردن بۆ تێكڕای هاووڵاتیان**

**برەخسێنرێت، کە هەندێ لە چاودێران پێیان وایە بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو هۆکارێکە بۆ بەرزرکردنەوەی ڕێژەی ئەم بەشداری کردنە، تا چ ڕاددەیەك هاوڕایت لەگەڵ ئەم کاردانەوەیەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە من هاوڕام لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا، کە دەبێت سیستەمە سیاسییەکە کراوەبێت و بواری بەشداری کردن برەخسێنێت. ئەوەی جێی سەرنجە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەوەیە ئەم بەشداریکردنە کورتبۆتەوە لە تەنها پرۆسەی دەنگداندا، کە ئەویش بریتیە لە دەنگدان و متمانەدان بە بەرنامە و سیاسەتی ئەو لایەن و کەسایەتیانەی کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان لەگەڵ یەکدا زیاتر لە بەرژەوەندەییە هاوبەشەکانیان لەگەڵ هاوڵاتیاندا، بۆ نموونە حاڵی حازر مەسەلەی تێپەڕاندنی یاسای چاودێری تەندروستی لە ئەمەریکا لە ئارادایە کە ئەم چاودێرییە تەندروستییەش لەلایەن بودجەی گشتییەوە دارایی بۆ دابینبکرێت، بەڵام ئێمە دەبینین دیموکرات و کۆمارییەکان جیددی نین لە گفتوگۆکردن لە بارەی ئەم پرسەوە. کەواتە ئێمە بەشداری دەکەین، بەڵام لە بوارێکی بەرتەسکدا کە زۆربەی کات کاریگەری نابێت لەسەر ئەو پرس و کێشانەی پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە.

*** تا چ ڕاددەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دروستبوونی نەوەیەکی چالاك؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕاست و دروستە و ئەمە ئامرازێکی زۆر گرنگە بۆ خوڵقاندن و دروستکردنی ئەو نەوەیە نەك تەنها لە ئەمەریکا، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهاندا. لەبەر ئەوەی بەهۆی گووتاری نەتەوەیەوە ئەوە دیاری و دەستنیشان دەکرێت کە نەتەوە چییە و چی دەبێتەهۆی پێکەوە پەیوەستکردنی خەڵك و بڕیاردان لە بارەی ئەوەی دەبێت چ دامەزراوەگەلێك کاروبارەکانی کۆمەڵگە هەڵسوڕێنێت. لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە بوونی گفتوگۆ و مشتومڕ لەسەر پرس و مەسەلە جیاوازەکان گرنگییەکی زۆری هەیە لە قۆناغی ئینتیقالیدا.

*** ئایا تا چ ئەندازەیەك بوونی گووتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دیموکراسی و گووتاری مەدەنی لە وڵاتەکەدا؟**

- من نامەوێت وەك کەسێکی زۆر میسالی دەربکەوم، بەڵام من باوەڕم وایە دەبێت ئەوەندەی دەکرێت و مومکینە بواری گفتوگۆکان کراوەبن و ئەوەندەی مومکینە هەوڵبدرێت ئەو دەنگانەی هەست دەکەن لە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی وڵاتەکەدا پەراوێزکراون و دوورخراونەتەوە بهێنرێنەوە و ناو پرۆسەکە، لەبەر ئەوەی هەرگیز ناکرێت بۆ هەتا هەتایە ئەم دەنگانە سەرکوتبکرێن و پەراوێزبکرێن، واتە هەمیشە وەك سەرچاوەیەکی گرژی و ئاڵۆزی دەمێننەوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا بەرەو هەڵکشان و تەقینەوە بچن.

*** ئایا لەو کۆمەڵگەیانەی بەدەست ناکۆکی ئیتنی و نەتەوەییەوە دەناڵێنن، تا چ ئاستێك بوونی ئەم گووتارە دەبێتەهۆکارێك بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ناکۆکییانەدا، یان چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە؟**

- یەکێك لەو مەترسیانەی هاوشانە بە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوە دەوڵەت ئەوەیە ئەو لایەنانەی پێشتر دووچاری سەرکوتکاری بونەتەوە، هەوڵبدەن ئەم پرۆسەی بنیاتنەوەی دەوڵەتە بە چەشنێك ئەنجامبدەن کە ببێتە مایەی یەکلاکردنەوەی حساباتەکان، یاخود بە دەربڕینێکی دیکە ببێتەهۆی سەرکوتکردنی ئەو گروپ و لایەنانەی کە بەو شێوەیە لێیان دەڕوانرێت کە پێشتر خۆیان لایەنی سەرکوتکار بوونە. لەبەر ئەوە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد دەبێت ئەم گوتارە نەتەوەیە هەموو دەنگ و بیروبۆچونە جیاوازەکان لەخۆبگرێت و لەبەرچاویان بگرێت.



**بەهۆی گووتاری نەتەوەیەوە ئەوە دیاری و دەستنیشان دەکرێت کە نەتەوە چییە و چی دەبێتەهۆی پێکەوە پەیوەستکردنی خەڵك و بڕیاردان لە بارەی ئەوەی دەبێت چ دامەزراوەگەلێك کاروبارەکانی کۆمەڵگە هەڵسوڕێنێت**

**ئەوەندەی مومکینە هەوڵبدرێت ئەو دەنگانەی هەست دەکەن لە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی وڵاتەکەدا پەراوێزکراون و دوورخراونەتەوە بهێنرێنەوە و ناو پرۆسەکە**